له بڵاوكراوه‌كانی بنكه‌ی ئه‌ده‌بی و رووناكبیریی گه‌لاوێژه

# سێ ته‌ڵ وه‌نه‌وشه بۆ كه‌زێ كانی شیعر

ره‌ئوف عوسمان

ساڵی ٢٠٠٠

- **ناوی کتێب/** سێ تاڵ وەنەوشە بۆ کەزیەکانی شیعر
- **نووسەر/** ڕەئووف عوسمان
- **بابەت/** ڕەخنەی شیعری
- **کۆمپیوتەر/** سامان محمد صالح مستەفا
- **ئۆفسێت/** چاپخانەی داناز
- **تیراژ/** ٥٠٠
- **ساڵ/** ٢٠٠٠- سلێمانی
- **ژمارەی سپاردن/** (   ) ساڵی ٢٠٠٠ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

# مەمکەکانی تفەنگ
# لەنێوان چنگ و پەنجەی
# داگیرکەرو هەنگوینی
# رەخنەدا

# مەمکەکانی تفەنگ

## بەشێکە لە هۆنراوەیەکی ( ١٥٢ ) دێڕی

# تفەنگ

١- كوندە پەپوی راسپاردوو پێی گوتم

٢- بە باڵندەكانتان بڵێن، بیر لە هەڵفڕین مەكەنەوە،

٣- قەفەس پزدان و لانك و قەبرتانە

٤- بەژنەكانتان بڵێن ، بیر لەخەناوكە مەكەنەوە، گەردنتان

٥- بە ئەڵقەی پەتەوە .. زەردتر و زراڤ ترە

٦- بڵێنە كیژەكانتان ، بیر لە زرەی بازن مەكەنەوە، مەچەكتان

٧- بۆ كۆت و كەلەپچە لە بارترە

٨- بڵێنە گەنجەكانتان بیر لەشەوی پەردەمەكەنەوە

٩- رژانی خوێنی سەر، لەڕژانی خوێنی

١٠- داوێن ئالترو بەلەزەت ترە

١١- مێژووت ئەی تفەنگ، رەشترە لە گۆنای گوناهو ئایندەت

١٢- تالترە لە ژەکی ژەهر
١٣- تفەنگ، گەڵاکانی ئاشتی هەڵوەرین و تۆ هەر بە سەوزی مایتەوە
١٤- تفەنگ، جوانی چۆکی داداو تۆش هەر کەحیلێکی خۆشرەوی
١٥- تفەنگ، عیشق ددانەکانی کەوتن و تۆش هەر گەنجێکی خوێن گەرمی
١٦- تفەنگ ، چرا کوێرایی داهات و تۆش هەر چاوەشینەکانی یەمامەی

(قوبادی جەلی زادە) یەکێکە لەو دەنگە شیعرییە ساز و رەوانانەی، کەلەگەڵ کورتی تەمەنی شیعریا، چەند هەنگاوێکی گورج و درێژی ناوە، چاودێری و تاووتووکردنی هۆنراوەکانی وەك چەندێتی و چۆنێتی لە پێشەوە چوونی بەرچاودا خۆی والا دەکات، دیارە لای من بەهرە خۆرسکەکە لەوبوارەدا بەردی بناخەیەو ئەو دەسمایەیەشە کەدەشێت بەرەو ئاسۆیەکی دەوڵەمەندتر هەنگاو

هەڵبێنێ، موفرەداتی زۆربەی هۆنراوەکانی ئەم دواییەی قوباد سەربەجیهانی لەشی ئافرەت و لەزەت و خۆشەویستی و ئەو دنیا بەرینە زیندوو هەست ئامێزەیە کە بۆتە ئارزووقەی زۆربەی هەرەزۆری داهێنەرانی گۆی ئەم زەویە، نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە قوبادی جەلی زادە لەسەر نەخشەیەکی شیعری تایبەت توانیویێتی ئەم جیهانە ئەرخەوانی یە گوڵ ئەستێرەیە، ببەستێتەوە بەدونیای سیاسەت و خەمە نەتەوەیی و مرۆڤایەتیە گەورەکانەوە، هەندێ جار کارلێکی (تفاعل) ئەو دووجیهانەی خستۆتە ئامێزی هونەرێکی (ساتیر) مەشرەبەوە، بۆ بەرجەستە کردنی خولیاو مەبەستە تایبەتی یە شیعریەکانی و هەر لەو بوارە تایبەتیەشەوە توانێتی رەخنە سیاسی و کۆمەڵایەتێکان فەراهەم بێنێ، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە زۆربەی تیشکە شیعرییەکە ئاراستەی حاڵەتە ئینسانیەکەی

ئافرەتـە، لـەچوار چێـوەی جیهانبینی‌یـەکی ئەبیقۆریەوە، واتا تاقیکردنەوەکانی شـاعیر لـە نێوان دوانـە (ثنائیـة) ی ئافرەت و سیاسـەت، یـان سیاسـەت و ئـافرەتدا مۆرکـی جـۆرە تایبەتمەندێتی‌یەکی خودی خۆی پێوەیە، کـە دەشێت لەگـەڵ ڕەوتـی ڕۆژگاردا ئـەم جـۆرە جیهانبینی‌یە چوارچێوەیەکی خورت و کامڵ تر بگرێتە خۆی و کەشتی داهێنانـە شیعریەکانی لەرۆخێکی هێمنتردا لەنگەر بگرێت.

ئـەم (١٦) دێـڕەی کـەلێرەدا دەیخوێنیتـەوە بەشێکە لـە هۆنـراوەی (مەمکـەکانی تفـەنگ) کەبریتی‌یەلـە (١٥٢) دێڕ، هێنـدەی- بـەڕێگای تیارامان و وردبونـەوەدا من پـەیم پـێ بردبێ، دەشێت ئەم (١٦) دێرە دابڕکرێـت لـە بونیـادی هۆنراوەکـەو تیشکی رەخنـەش بخرێتـە سـەر گـۆل و دێـراو پـەناو پەسـێوەکانی، یـان بەواتایـەکی تـر دەشێت لـەنێوان ئـەم چـەند دێـرەوە هـەندێك ئاسـتی بونیـادە زمـانی

چامەکەو رەنگدانەوە دەرونی و هونەیو سیمولۆجیەکانی پیشان بدرێت، ئەم دیاردەی دەست نیشانکردنی بەشە سەرتەڵ و ناوازەیە، لای نووسەر و شاعیری گەورە(هۆراس) بە (الرقعة الأرجوانية) ناسراوە، دیارە من نەهاتووم لەشی هۆنراوەکە بشێوێنم، یان بیکەمە کەم ئەندام!، چونکە ئەم چامەیە وەك گەلێك چامە (قصيدة) ی تری ئەم سەردەمە یەکێتی ئۆرگان تیا بەدەست نەهاتۆە، لەبەرگەلێك هۆی سیستمی هونەری و میکانیزمی شیعری سەردەمەوە، کە ئێستا دەرفەتی یەکاڵاکردنەوە و تاوتوێی ڕەخنەیی و تیۆریم نیە.

بەهەرحاڵ! یان ئەوەتا لە نێوان ئەم شازدە دێڕەوە کۆمەڵێك تیشك و گەرمی دەگەیەنێتە ئەو دیو واتاکانی چامەکە (الأستقراء)، یان ئەوەتا سەرجەم چامەکە دەکەینە چەند هەنگاوێك و ئەم چەندەی بەدەستمانیش بریتی

دەکەین لـە دوو هـەنگاو، کـە هـەنگاوی یەکـەم
بریتـی دەبێـت لـە دە (١٠) دێـڕو هـــەنگاوی
دوەمیـش کـــە دەرهاویشــتەو ســـەرەنجامی
یەکەمە، دەبێتە (٦) دێڕو بەهەردوکیان جۆرە
هاوئاوازییـــەك (تنـــاغم) دێننـــە گـــۆڕێ،
کەلەئـەنجامدا بـــەپێی تیـــورە بونیاتگەریـــە
سەرەتاییەکانی شـتراوس و جاکوبسـن دەکاتـە
ســـڕینەوەی تۆرەکـــانی کـــات و بـــارو دۆخ و
تەنانەت شاعیریش ، بەڵام لە جێـی ئەمانەشـدا
ڕەنگ ڕشتن و بونیات نانی سیستەمێکی نوێـی
فۆنیـم و مۆرفیـم و بڕگـەو.. دروســت دەبێــت،
کەئەمانەش سیستەمێکی سیمۆلۆجی (واتــایی)
بونیات دەنێن کە لای هەندێك ڕەخنـەگری ئـەم
ڕێبـازە ،جێگـای گـوێ پێدانـی پلـە دوە، واتـــە
تابیعێکی بەندە بە (دال) ەکانەوە.
با ئـەوەم لـە یادنـەچێت ئێسـتا کێشـەی منـی
خوێنـەر دێتـە کایـەوە! ئایـا منـم جوڵێنـــەری
بـــواری شـیعرەکە(وەك خوێنـەر)، یـان کـــاك

قوباد؟! کاممان (عرض) و کاممان (جوهر) ین؟ کاممان جلّەوی دنیای داهێنان بەرەو دنیایەکی دی وە پێش خۆمان دەخەین؟! من خاوەن ماڵ و ئەو غەوارە، یان بە پێچەوانەوە، رولان بارت دەڵێت:

دەشێت خوێنەری لێ هاتوو- مەبەست رەخنەی داهێنەرانەیە- لە خودی شیعرە بەبالا برراوەکە پتر زانیاری و نهێنییە وون بوەکان بدرکێنێ! ئێستاکە دەمەوێت بپرسم منی خوێنەرو دەق، یان دەق و من کاممان ئەوی تر ام دەکەین و راز و نهێنییەکانی لا ئەدرکێنین؟! ئایا دەق و سیستمی تۆرە دیارو نادیارەکان ختووکەی دنیای نەستم دەداو قەڵەمە کەم دوەکەم! دێننە گۆ؟! یان قەڵەمەکە دڵ و مێشکی دەق و دنیا ئاچووخەکەی دێنێتە گیرزگانو داوای وەڵامە ئەنتۆلۆژی و نهێنییەکانی دنیای داهێنانی لێ دەکات؟ من دەبمە نێچێری حەز و ەخولیا

جیهانبینی‌یەکانی قوباد؟ یان ئەو دەبێتە مـن؟ یـان بەهــەردووکمان بونیــادی دەقێکــی نــوێ فۆرمەڵە دەکەین؟ ، کەئەو دەقە هیچمان نیــەو هەردووکیشــمان وەك (مـا بعـد البینـو بــین) دەڵێـن؟ ئایــا دەشــێت ئــەم کێشــەیە لــەدوا تاقیکردنەوە هۆشیارو گەییوەکانی تشومسـکی لە (ســینتاکی تحویلـی) دا خـۆی ببینێتـەوە؟! دیــارە وەڵامــی ئــەم پرســیارانە لــەنێوان شیکردنەوەکاندا دەدرێتەوە.

لەدەرگانـەی هۆنراوەکــەدا ویســتێك دەکــەم، رادەمێنـم، (مەمکـەکانی تفـەنگ) دەبنــە (دال) ێکـی زەق و دنیـای مێشـکم بـەرەو سـێبەر و نسێی کۆمـەڵێك (مدلـول) دەبـەن، دەق وەك رۆلان بــارت دەڵێــت( مەبەســتی دەقــی سەرکەوتوە) ئەو وزە و رەهاو بێ کۆتاییە یـە، کـە کـۆی فۆنیمـە جۆربـەجۆرەکانی دەبێتــە هارمۆنیــای ئــاوازێك و نهێنی‌یــەکانی مێشــك دەخوێنێتـەوە، (مەکـەکانی تفـەنگ) کـە دوو

وشەیە دوو دژە واتاو سیمای ناوچەکانی نەست (لاشعور) پەرت (تفکیك) دەکەن و یوارێکی بڵند لە نێوانیاندا هەڵدەچنن، وشەی (مەمکەکان) کۆمەڵێك هەست و خولیای جۆربەجۆر لەناخی ناخدا دەوروژێنێ کەدیارتینیان: سۆز، لەزەت، سێکس، جوانی، مۆسیکا، گونجاندنی (تناسق) سینگ و بەرۆك..هتد، بەڵام هەرچی تفەنگە دەریایەك بیرەوەری سوێر و تاڵی دەوروژێنێ، وەك: خوێن، مەرگ، زام، لێك دابڕان، کاولکاری، پێشمەرگایەتی، شەهید بوون، خۆفرۆشی، موزایەداتی لەخشتە بەر، خۆدەوڵەمەندکردن، ئەنفال، چی نا؟!!... هتد.

کاتێك ئەو دوو وشە دژە واتایە بەخۆیان و فۆنیمەکانیانەوە، دەکرێنە قەبەڵی یەك و پێکرا دەئاڵێن بە ڕێگای ئەو (ی) لکێنەری ئیزافەیەدا، بونیادی موروفولوجی (زانیاری واتاناسی و ڕەمزەکان) یەك دی لەدەست

دەدەن، واتە، بەپێی (سینتاکی تولید) ی واتا و ڕێ و ڕەزمێکی تر دێننە گۆڕێ کە خامۆشبوونەوەی خودی هەردووکیانەو هێنانەکایەی فەزایەکی نوێیەکە ئەویش لەو شکستانەدا بەدی دەکرێت کە تفەنگ ڕەنگی دەڕێژێ :

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مەمك + | ەك + | ان + | ی + | تفەنگ |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| ناوی زات | ئامرازی ناساندن | ئامرازی کۆ | لکێنەری ئیزافی | ناوی زات |

واتە تفەنگ لەو بەکارهێنانەدا فەزایەکی دوو دەمە فەراهەم دەهێنێ، تفەنگ لای ڕەشە خەڵکە گەلۆر و کەو دەنەکە هێند دەکرێتە باڵا زراف و خوێن شیرین تا ئالوودەی یەکتر دەبن و لێکدا دەتوێنەوەو دەبنە چەن دڵۆپە ژەهرێك و ڕوباری ژیانی داهاتووش پیس دەکەن.

هەڵگێڕانەوەی ئەو دەستەواژەیەو هەڵوەشانەوەی (تفکیك) سیستمی فۆنیمە پێکهاتەکانی دەکاتە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تفەنگ | + ی | + مەمك | + ە ك | + ان |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| ناوی زات | لکێنەری ئیزافی | ناوی زات | ئامرازی ناساندن | نیشانەی کۆ |

دیـاره ئـەم پـەرت (تشـظیة) کـردن و هەڵگێڕانەوەیە بونیادی مەبەست بەرەو لێواری واتایەکی تـر دەبـات و وزە و تینێکـی نـوێ دەبەخشێتە وشەی دووەم کە (مەمکە) ، نابێت ئـەوەش لـەیاد بکـەم کەیـەکێك لـە بنـەماکانی فەرهـەنگی بونیـات گـەری لای دۆسیسۆر لێـك ترازانی (دال) لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر نـەك بەتـەنیا لـە سیاقی رستەدا وەك (جورجـانی) دەڵێـنت؟ بـەڵکو لەپێکهاتـەی سـتاتیکای وشەکانیشدا، بەڵام بـەڕێگای بـەراوردی فـەزای ئـەودیوی دنیـای هەست و خولیـادا، هـەر بـۆ نمونـەی (مـەمك) بـەو هـەموو سیحرو مۆزیکـاو لەرینـەوە ئەفسـوناویەوە، کەدەشـێت ببێتـە نـارنجۆکێك و بـەدڵی دەسـتەتینوەکاندا

بتەقێتەوە، نەك لەبەرئەوەی قودسیەتی سنوورە مین ڕیژەکانی نەشکێنرێت بەتەنیا؛ بەڵکو و وەك سونبولی ستاتیکای لەش بەسرك و پرچنگی بمێنێتەوە، کاتێك کەلە گۆشەنیگای (توازی) یەوە لێی ورد دەبێتەوە، دەکاتە (گوان) لەدنیای ئاژەڵدا ن سەیری ئەو دوو فەزایەکە چی لەدنیای نەستدا دەوروژێنێ؟!
ئەمە لەکاتێکدا بە حاڵەتی (تجاذب)، دەتوانین لەدنیای مرۆڤیشدا مەمك ببەستێنەوە بە (شیر و-دایکایەتی- سۆز- کۆرپە - لانك..) کە هێمای درێژە پێدانی تەمەنی مرۆڤایەتی و سۆز و بەها پیرۆزەکانی ژیانە..
هەر کەلەدەرگانەی هۆنراوەکە، بە کۆمەڵێك بۆچوونی تەماوی و فرە دەنگ و ڕەنگەوە دەردەچین فەزایەکی ئاواڵە لەبەردەممانا چی دەکرێت؛

# تفەنگ

کوندە پەپوی راسپاردوو پێی گوتم
بە باڵندەکانتان بڵێن، بیر لە هەڵفڕین مەکەنەوە،
قەفەس پڕدان و لانك و قەبرتانە
بەژنەکانتان بڵێن ، بیر لەخەناوکە مەکەنەوە، گەردنتان
بە ئەڵقەی پەتەوە .. زەردترە و زراڤ ترە
بڵێنە کیژەکانتان ، بیر لە زرەی بازن مەکەنەوە، مەچەکتان
بۆ کۆت و کەلەپچە لە بارترە
بڵێنە گەنجەکانتان بیر لەشەوی پەردەمەکەنەوە
رژانی خوێنی سەر، لەڕژانی خوێنی
داوێن ئاڵترو بەلەزەت ترە
مێژووت ئەی تفەنگ، رەشترە لە گۆنای گوناهو ئایندەت
تاڵترە لە ژەکی ژەهر
سەر بەهەر لایەکی ئەم دە دێڕەدا بکەین، لیپان لیپە لە
مێژووی کارەسات ئامێزی ئەم وڵاتی بەفرو کەو و تفەنگە!

| دۆخی وەستاو | بونیادە پۆزەتیفەکان | فرمانە پەستاوتەکان | کەینونەی دۆخەوەستاوەکەی تفەنگ |
|---|---|---|---|
| تفەنگ | گەڵای ئاشتی | هەڵوەرین | بەسەوزی مایتەوە |
| تفەنگ | جوانی | چۆکی دادا | کەحیلێکی خۆشرەو |
| تفەنگ | ددانەکانی عیشق | کەوتن | گەنجێکی خوێن گەرم |
| تفەنگ | چرا | کوێرایی داهات | چاوەشینەکانی یەمامەی |

دەرهاویشتەی ئەوخشتەیە ئەو مەرگەساتە ئەنوێنێ، کە تفەنگ دەکاتە ئەو بوونەوەرەی کە حەزە ئەرخەوانیەکانی مرۆڤی کورد بەدرێژایی ئەو مێژوە بارگە (شحن) دەکات و جەمسەری ماهیەتی ژیانیش دەخاتە دەم نەهەنگی داهاتوە تاریکەکانەوە، دیارە خوێنەر لە بارێکی شڵۆقی ئاوەهادا دەکەوێتە بەردەم

پانۆرامای ئەو دیمەنە تەڵخانەوە کە ئاو دامانن لە جیهانبینیی‌یە تراژیدیەکاندا، یان بە واتایەکی تر، تفەنگ بەشێکە لەمێژوو، فەزاکەشی هێند ئاواڵەیە، تاچاو برکات بریسکەی دێت! بەڵام فەزای دیاردە سۆسیۆلۆژی و سروشتیەکان پابەندی میکانیزمی دیارو نادیاری تفەنگە، تەنانەت ناوچەکانی نەستیش مین رێژن بەدەر هاویشتە تەراژیدیەکانی!!

شاعیر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ توخمە ساکارەکانی سروشتدا دەکات، لە رێگای تۆرە ئاوێتەکانی فۆنیم و وشەکانەوە هەوڵی داوە نمایشی پرۆسە دارماوەکانی سۆسۆلۆژیای کۆمەڵگای کوردەواری بکات، هەوڵ ئەدات سنورداریێتیەك فۆرمەڵە بکات لە نێوان - تفەنگ وەك مۆتەکەیەك کەسانسۆری هەموو کارو کاردانەوە مرۆڤاتێکان دەکات - و ویستەکانی ناخنی ئەو ویست و خولیایانەی کە هەردەم ژاکاوو ورەنگ پەرێون لە ئاست

دەسەلاتی سەختی تفەنگدا، وەك هەر ئامرازێکی کارا لە پرۆژەی بەرجەستەکردنی تاریکترین قۆناخی ئەم پرژهەلاتەدا، تفەنگ بۆ ئێمەی کورد، بۆتە تان و پۆی ئەو گوریسەی لە جیاتی مێلۆ و جولانەی بۆ مندالە رووتەلەو چاوگەشەکانی پێ هەلخرێت، دەخرێتە ملی چەلەنگترین رۆلە، یاسای تفەنگ بۆ ئێمەی کورد هەمیشە هەنگاوە کوێرەکانی بەرەو هەلدێری نادیار بەرێ کەوتوە ، هەر وەك لە هۆنراوەکەشدا رەنگی داوەتەوە ، بونیادەشیعریەکەی کاك قوبادیش، بەو هەموو گورو تینەوە، نەیتوانیوە ببێتە ئەلتەرناتیفێك بۆ کاردانەوە دەروونی و نەستیە نێگەتیفەکانی تفەنگ، ئەگەر لەودیو پەردە ئەرخەوانیەکانی شعریشەوە بێت! هەربۆیە نەبرەی پێکاهتە فۆنیمیەکانی شاعیر بەرەو شکستی ناخ هەنگاو دەنێن و لەم شەش

دێرەدا ختابێکی ئاوڵە دەخرێتە بەردەم بیرە تفەنگیزمەکان!

**تفەنگ، گەڵاکانی ئاشتی هەڵوەرین و تۆ هەر بە سەوزی مایتەوە**
**تفەنگ، جوانی چۆکی داداو تۆش هەر کەحێلێکی خۆشڕەوی**
**تفەنگ، عیشق ددانەکانی کەوتن و تۆش هەر گەنجێکی خوێن گەرمی**
**تفەنگ ، چرا کوێرایی داهات و تۆش هەر چاوەشینەکانی یەمامەی**

ناخ لە دەرهاویشتەی ئەو شکستە رۆحیەدا تووشی جۆرە پەستاوتنێك دەبێت و شەش دەری نەجاتی لێدەگیرێ و چوار دەوری لێ دەبێتە کێڵگەی مین، واتە کینگڵ و خۆ خواردنەوەی زاتێکی هۆشیار لەنێوەندێکی تفەنگ ئامێزی کەودەنا دەکاتە سووتانی باڵەکانی شیعر و هەموو بەها پیرۆزەکانی ناخی ناخ! ئەوەی جێی تیارامانە، ئێمەی کورد هەرگیز لە چوارچێوەی و فەزایەکی هوشیارانەو لەسەر نەخشەیەکی تۆکمەی

خۆویست تفەنگەمان نەکردۆتەشان ، هەرکاتێك چوار دەور ویستبێتیان، فەزاو دۆزەخێکی ئەو تۆیان بۆ رەخساندوە کەبەناچاری پڕ بکات بەتفەنگدا! دیارە ئەنجامی ئەو حاڵەتە (أستثناء) ی و ناچاریە، تراژیدیای شکست و نسکۆیەك لەدوای یەکەکانی ئەم سەدەیە دەرهاوێژدەکات، هەرگیز پرۆژەکانی سەرفرازی هیچ میلەتێك چێ نابێت، هەتا زەین و مێشکی تاکەکانی رزگار نەبێت ! دەشێت ئەنجامی شارستانی و پێشکەوتوو بەهۆکاری نەزان و گەلۆر دەستەبەر بکرێت؟! هێندەی من دەوری مێژووی گوڵ گوونی ئەم ڕۆژهەڵاتەم کردبێتەوە و تیا رامابم، گەشتوومەنە ئەو ئەنجامەی کە ئەم مێژووە، مێژووی سەرکرەو میرو فەرمانراوەکانێتی نەك میللەت، چونکە میللەت هەمیشە پاشکۆیەکی سادە لەوح و نابینابوەو بە نەقیزەی تفەنگ و شمشێر و خەنجەر سنگەڵ بازی ئەم کێو کێوی پێ کراوە، بە

پێچەوانەی مێژووی ئێستای ئەوروپاوە، کەمیللەت لە هەموو رەوتەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیدا رۆڵی کاریگەری هەیەو رەنگ رێژی فەرمان رەوایەتی دەکات.


باخوێنەر ئاگای لەوەش بێت کەتفەنگ لەم هۆنراوە نەوازەو دلۆڤانەدا ئەو تفەنگە ریسواو سەرکزەیە کەلەشەڕی براکوژێدا کوێرانە بەکاردەبرێت، پێکهاتەی ئەو تفەنگە ناوچاو دێزە، دۆزەخی بۆناوچەکانی نەستی شاعیرو تەنانەت رۆحیی مێژوش داخستوە، لوولەی ئەو تفەنگە؛ دەکاتە ئەو نەخشەی مەرگ وخوێنە، کەلاپەڕە زەرد و عارەکانی ئەم قۆناخە دەنووسێتەوە، ئەو تفەنگە دەستەکەی تر دەبرێتەوە، چاوەکەی دی هەڵدەکۆڵێ لاقەکەی تر دەقرتێنێ، لەجیاتی سنووره دەستکردەکان بسڕێتەوە، کەچی سنووری دی دەکێشێ و تەنانەت دەیەوێت ئەو توسقاڵە دڵەش (نیو تایم) ئیش کات و نیوەی

لەشی ئەم قەڵەم ڕەوی باشووره وشك هەڵێنێ و خوێن بڕی کات!

ئالێرەدا خیتابی بوزیەکی مەڕ شەڕی ناوخۆی ڤێتنامم وەبیر دێتەوە کە دەڵێت: (خودایا ئەوەندە سەبووری بەرۆحی هەڵچوو بێ ئۆقرەم ببەخشە بۆ ئەوەی لایەنێك هان نەدەم دژی لایەنێکی تر بجەنگێ، هەرچەندە من لایەنەکەی خۆم ئێجگار خۆش دەوێت– ئەی گیانی بوزدا– هوام لێ نەکەیت کەهانیان بدەم و خوێنیان بەڕژان بەم، ئەو خوێنەی کە لە لاشەی هەر لایەك دەچۆڕێت خوێنی منە، خوێنی مێژوە، خوێنی بووزایە) ئەم خیتابە، وتاری ئەو قەشەیەی وەبیر هێنامەوە کەلەرۆمانی (شەری برا کوژی– نیکوس کازانتزاکی) داهاتوە کە ئێجگار هەست بزوێنەو شیعر ئامێزە..

لە دەدێڕی یەکەمدا سێ دەنگ یان سێ میحوەر پێکرا لکاون و پەیوەندیەکی ئۆرگانی

چوار چێوه بەندی کردوون، کە تفەنگ
میحوەری سەرەکی یەو لەوێوە فەرمانە
نێگەتیفیە دارمێنەرەکان رادەگەیێنرێت،
دەشێت تۆڕی ئەم پەیوەندییە دژیە لەم
هێڵکاریەدا پرۆسە بکرێت:




لەو هێڵکاریەدا شاعیر بۆتە ئەڵقەیەکی خەمە
ئەبەدیەکان لەنێوان جەمسەری کونەپەپوو
تفەنگ لەلیاەك و مەرگی بەها ئەرخەوانێکانی

کۆمەڵ لەلایەکی ترەوە، رامان لە نێوان ئەم دووباڵە دژ یەکەدا دەبێتە جۆرێک لەدەستەوسانی ناخی نەست، بەرامبەر ئەو پێکهاتە ئۆرگانیەی مێژووی ئەم سەردەمەی کورد، واتا پانۆرامای دەرەنجامە کارەسات ئامێزەکانی ئەم سەردەمە شاعیر لە قرناخی گەیاندنی پەیامە روو زەردەکەی تفەنگەوە دەخاتە قۆناخی رووبەڕوو بوونەوەو تاوانبارکردنی هۆکارەکانی فەزای (سیانید) بەندی ئەم وڵاتی بەفرو کەوو تفەنگە سەقەتە ! !

هەربۆیە گۆرانکاری چۆنیەتی نوێ لەرەوتی هۆنراوەکەدا دێتە گۆڕی و شاعیریش هۆشیارانە تفەنگ دەکاتە هاوکێشە بابەتیەکە (المعادل الموضوعي) ی گشت دابڕانە مێژوویی و مرۆڤایەتیکان !

چامەی (مەمکەکانی تفەنگ ) و هۆنراوەی (ایها الموت) و (وڵاتە دەست برراوەکەی) معین

بسیسو، یەك جۆر هەناسەن، لەدوو دۆزەخی داخراوی مێژوو کردا! (ئەی مردنی) مەعین بۆتە ئەی تفەنگی قوباد و بەهەردوکیان هەناسە خەماویەکانی دنیای چەوسانەوەیان گەیاندۆتە واقیعێکی هێند تاڵەوە، مەگەر هەر لەرەفە نوستوەکانی ناوچەی نەستدا ئۆقرە بگرێ! سەمەرەکەش لەوەدایە سات لەدوای سات و هەنگاو لەدوای هەنگاو و چرکە لەدوای چرکە نەقیزەی تفەنگ هەر بەرەو لێژگەی نەهامەتیمان دەبات و کەچی هەر باوەشی فەرهادانەشی بۆ دەکەینەوە!! دیارە کاسەکە بێ ژێر کاسە نییە، بۆ کەمێك کیمیا و زۆربەو مێژووش قەبرو نەهامەتی! سیمای مۆسیکی و هونەری ئەم چامەیە بازدانە بەسەر دنیای کێش و و دەستورەکانی عەروزدا، واتە جۆرە تێکەڵی و پێکرالکانێك هەیە لەنێوان پەخشانە شیعر و شیعرە پەخشان و شیعردا! چونکە هیچ پێوانەیەکی ئەکادیمی تۆکمەی ئەوتۆ

لەبەردەستدانی‌یە بۆ رەنگ رشتنی هێڵە سنووریەکانی ئەو رەگەز و توخمە جیاوازانە، بەڵام ئەوەندە هەیە دەشێت کۆمەڵێك خەسڵەت لە نێوان هێڵە ناوکۆییەکانەوە دەست نیشان کرێت، واتە لەبریتی لەدەست دانی کێش و سەروا، دەبێت ئیقاعاتەکانی ناوەوە لەگەڵ بەهارمۆنی کردنی کۆنسۆنات و فۆنیمەکان فەزایەکی مۆسیکی ئەوتۆ بەرجەستە بکات کە بکەوێتە بارتەقای لەدەست دانی کێش، نەك هەر ئەمەش بەڵکو گونجاندن و کارلێکی ئیقاعەتەکان لەگەڵ مەدلوولەکاندا پێکڕا یەکیەتیەکی ئۆرگانی نەك -میکانیکی- واتە سیمانتیك ناسیمان بۆ بهێنێتە کایەوە.

با ئەوەش نەبوێرم کەهەندێك شاعیری کورد دەیەتنیا پشت بە زمانە شیعری‌یە دەوڵەمەندەکە دەبەستن، ەلەسەر حیسابی تەکنیك و ئیقاع، کەئەمە لەدوا هەنگاودا مۆرکی

پەخشان دەگرێتە خۆو فارگۆنی شیعر بزر دەکرێت، چونکە هەر یەکێك لەم توخمانە بەکارلێکی‌یەکی هارمۆنی ئاسا، سیمیای شیعر دەستەبەر دەکەن، دیارە نەبوونی یان لاوازی یەکێك لەو توخمە سەرەکیانەی شیعر هاوکێشی (معادلە) ئەو سیمیای شیعرە دەبزرکێنێ و بەمردووی شیعرەکە لەدایك دەبێت!

لەدوا قۆناخەکانی دنیای داهێنانی شیعردا وێنەو فۆنیم و ئیقاع و پێکهاتە بەلاغیەکان دەشێت وەك جۆگایەك بچنەوە سەر دنیای بەرجەستەکردنی ئەو دیو واتا دیارەکانی روباری شیعر و بخرێنە ژێر رکێفی ناوەرۆکەوە، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و خەملاندن و دوورخستنەوەی شیعریەتی شیعر لەهەر ئەگەرێکی نێگەتیفی رەخنە، واتە شاعیر بەمەبەستی بە شیعر بوونی هەرشیعرێك دەبێت پشت قایم بێت بە سیستەمە بەلاغی‌یە فرە

مەوداکان و فانتازیای (أیحاء) و مەجازی زەینی.. هتد دیارە هەر یەکێك لەم توخمە شیعریانە پێکهاتەیەکی فۆنۆلۆجی و سینتاکی خۆی هەیەو دەشێت لەسەر یاساکانی ناوەوەیان حاڵەتەکانیان بنرخێنرێت.

لە چوار دێڕی یەکەمی هۆنراوەکەدا شێوازی پەیوەندییە دژەکان (العلاقە الضدیة) بەگەڕخراوە:

| | | |
|---|---|---|
| ١- باڵندەو هەڵفڕین | ◄──── | قەفەس، پزدان، قەبر |
| ٢- خەنارکە | ◄──── | ئەڵقەی پەت (واتە خنکاندن) |
| ٣- زرەی بان | ◄──── | کۆت و کەلەپچە |
| ٤- شەوی پەردە | ◄──── | رژانی خوێنی سەر |

ئەو پەیوەندیە دژانەی نێوان ئەم توخمانە حاڵەتێکی تراژیدی بەرجەستە دەکات، تەنانەت دەلالەتە زەمەنیەکەی ئەو دۆخانەش لە بازنەیەکی داخراوی ئێستاو داهاتووا خول

دەخوات، واتە تاریکبینی‌یەکی بێ کۆتایی دەدات بەدەستەوە، تەمەنی ئەو ڕەشبینیەش دەرهاویشتەی ناخی ناخی شاعیرە، چونکە سەرجەم هەر چوار حاڵەتەکە و هۆو ئەنجامە بە سوێکانیشی هەر لە سێبەی تفەنگدا سەوز بوون، باڵی پەپوولەکانی ئەو دیو نەستیش هەر لەبنەڕەتی ئەودا هەڵپرووکا، فۆرمەڵە و پەرت (تفکیک) کردنی وێنەکان لەچەقی خاڵێکدا یەك دەگرنەوەکە ئەویش نەك دووبارە بوونەوەی مێژوی شکستە، بەڵکو چەند جارە بوونەوەشیەتی، لای من ئەو خۆ جوینەوەیەش فرە هۆیە، بەڵام لای شاعیر هەر تفەنگە بەتایبەت، ئەو تفەنگەی کەتەقە لە خۆی دەکات، خۆی کەللە سەری خۆی هەڵدەگرێت!

خۆی خۆی ڕیسوا دەکات!!

شاعیر دەڵێت:

**تفەنگ**

**کوندە پەپوی ڕاسپاردوو پێی گوتم**

**به باڵندەکانتان بڵێن، بیر لە هەڵفڕین مەکەنەوە،**

لەلایەك دەڵێت (پێی گوتم) واتە خودی خۆی (تاکە) و بەڵگەش (م) ە کەیە، بەڵام بەدوای ئەوەدا دەڵێت (بەباڵندەکانتان بڵێن) ، دیارە ئەمە هەڵەیەو دەبوایە بیوتایە (بەباڵندەکانت بڵێ) بە (ژنەکانتان بڵێ) بە (بڵێ بەکیژەکانت) (بڵێ بە گەنجەکانت)، دیارە لەم حاڵەتەدا واتاکان تێك دەچن، دەبوایە بیوتایە، (پێی گوتین)، بۆ خۆ دەربازکردن لەو هەڵە گراماتیکیە،

**شاعیر دەڵێت:**

**ڕژانی خوێنی سەر، لەڕژانی خوێنی**
**داوێن ئاڵترو بەلەزەت ترە**

سەیرکەن: دووجار (ڕژان) لەتەنیا دێڕکدا چۆن دان ئاڵ بوونەوەیەکی مۆسیکی دروست دەکات؟!، (ڕژانی) دووەم حەشوەو گەرەکە لابرێت، چونکە زمانی شیعر کورت بریە (ایجاز) ە نەك درێژەدان (التطویل)! لەدێڕی

دوەمیشدا دیسانەوە شاعیر دووچاری جۆرە هەڵەیەکی ئیقاعی و چێژیی بوە، رۆلان بارت دەڵێت گەرەکە واتاو خەیاڵە شیعریەکان نەك پابەند بن بە ئیقاعەوە بەتەنیا؛ بەڵکو کارلێك بن لەگەڵ واتاو پێکهاتەی فۆنیمە جۆربەجۆرەکاندا، واتە ئیقاع رێ خۆشکەر بێت بۆ بەرجەستەی تۆرەکانی خەیاڵ، بنواڕن : شاعیر دەڵێت: (داوێن ئاڵترو بەلەزەت ترە)، ئەو (ترە) ئامڕازی (تفضیل) ە هەرگیز پێویست ناکات دووجار بەتەنیشت یەکەوە بەکاربرێت، دەبوایە بیوتایە (داوێن ئاڵ و بەلەزەت ترە) دەست گرتن بە پیت و دەستەواژەوەو ئیسراف کردن لەبەکاربردنیاندا، گوڕ دەداتە مۆسیکا و سسیتمە بەلاغیەکانی مەڕ هۆنراوە، هەر بەدوای ئەمانەشدا شاعیر لەو کێڵگەی مینە ئیقاعیانەدا قوتار نەبوە.

شاعیر دەڵێت:

**مێژووت ئەی تفەنگ، رەشترە لە گۆنای گوناهو ئایندەت**

**تاڵترە لە ژەکی ژەهر**

با بنوارینە (گۆنای گوناه)و بزانین ئیقاعەکە شیعریە یان نا؟! دیارە شیعریەتی هۆنراوە لەو دۆخەدا لیڵ دەبێت، چونکە دووبارە کردنەوەی (گۆنا) بەتەنیشت یەکیشەوە، ستاتیکای ئیقاعەکە دەوەستێنێ، هەر بەدوای ئەمەدا شاعیر دیسانەوە دووچاری ئەو دووبارە بوونەوەیە بۆتەوە، چونکە دەڵێت (ژەکی ژەهر)، کە فۆنیمی (ژە) ی دووجار بەتەنیشت یەکەوە داناوە. لە شوێنێکی تردا دەڵێت: —

**تفەنگ، جوانی چۆکی داداو تۆش هەر کەحیلێکی خۆشرەوی**

لای من (جوانی) لاوازە و دەبوایە بیوتایە (جوانو) بۆ ئەوەی لەگەڵ کەحێلەدا هاو بۆنە ببنەوە، چونکە (جوانو) بەچکەیماینە.

شاعیر دەڵێت:

**بەژنەکانتان بلێن ، بیر لەخەناوکە مەکەنەوە، گەردنتان بە ئەڵقەی پەتەوە .. زەردترە و زراڤ ترە**

بنوارە (زەردتر و زراڤ ترە)، دووجار بەکارهێنانی (ترە) ی (تفضیل) دەبێتە گوێزانێك و شادەماری رستەکە ئەنجن دەکات، دەبوایە بیوتایە (زەرد و زراف ترە).

لەم هۆنراوەیەدا هەندێك تیشکمان خستە سەر تۆری پەیوەندیە ئاوێتەییە دیارو نادیارەکان و کەم تا زۆر رادەی هارمۆنیای ساچانیانمان بەرجەستەکرد ئێستا کەش هەندێك باری ئیقاعی تر وە پێش چاو دەخەین. لەبەرئەوەی یەکێك بنەما سەرەتاییەکانی رەخنەی بونیات گەری وەك (بلۆمفید) دەڵێت بریتیە لەهەڵوەشاندنەوەو جێ گۆرکێ (التفکیك - اللعب) لە نێوان فۆنیم و وشە جۆر بەجۆرەکان و رستەادا، بەهەر دوو جۆرەکەیەوە قووڵ و پەل (الترکیب العمیق - المسطح)؛ دەمەوێت

هەندێك تێبینی لەوبوارەدا بخەمە بەردەم شاعیر و خوێنەرەوە.

شاعیر دەڵێت:

**تفەنگ**

**کوندە پەپووی راسپاردو و پێ گوتمم:**

کامیان لەفەزای شیعریەتەوە نزیکە، ئەو دێرەی سەرەوە ، یان (کوندە پەپوی تفەنگ ووتی)؟! هەروەك خودی شاعیر خۆی وتویەتی (مەمکەکانی تفەنگ) ، دیارە رستەکەی ئێمە ئیقاعی و کورت برترە.

هەروەها شاعیر دەڵێت: بەژنەکانتان بڵێن — بڵێنە کیژەکانتان— بڵێنە گەنجەکانتان لای من فۆنیمەکان (بەژنەکانتان .. کیژەکانتان — گەنجەکانتان) ئەو ئاواز و لەرینەوەو مۆسیکا شیعریەیان تێدانیە، ئەوەی کە ئەو ئیقاعەی سڕیوەتەوە فۆنیمی (ك) ە کەنیشانەی ناساندنە (تعریف) ، ئەگەر شاعیر بیویستایە ئیقاعی ووشەکە خوڕتر و پڕ جووڵەتر بوایە،

دەبوایە بیوتایە: بلّینە ژنانتان —بلّێنە کیژانتان—.. نەك هەر ئەمەش، بەلّکوو لەرووی واتایشەوە بەهێزتر دەبوو، چونکە هەمیشە لای بەلاغیەکان لەئەدەب و شیعردا نەناسراو (نکرە) لەناسراو بەهێزترە، چونکە نەناسراو جۆرە فەزایەکی تەماوی و چاوەرێکردنی چەند ئەگەرێکی بەدواوەیە، کە خۆی لە خۆیدا جۆرە لەزەتێکی چاوەڕوانی تیا بەدی دەکرێت و حالّەتێکی سایکۆلۆجی نەبینراو بەرجەستە دەکات، (أحسان عبدالقدوس) ناوی یەکێك لەرۆمانەکانی کە باسی شۆڕشی یۆلیۆ دەکات (فی بیتنا رجل) ، هەوەرها (نزارقبانی) ش (طفولة نهد)، (مارکین)یش ناوی رۆمانێکی (ساعی نحس)، کەواتە وەك وتم ئەگەر ئەو رستانە بەنەناسراوی بوو نایەخوڕتر و ساناتر دەبوو. شاعیر لەدەدێڕی یەکەمدا فرمانی ئەمری (مەکەنەوە) ی چوار جار بەکارهێناوە دیارە

(مەکەنەوە) (نفی قطعي) یەو بەهێزترە لە (نەکەنەوە)کەهەندێك ئەگەری تێ دەکەوێت و ئەمەشیان بە خاڵێکی هێزی رەستەکە دەشکێتەوە، هەرچەندە لە رووی واتاوە تەمی رەشبینی خەست تر دەکات، چونکە (قطعیة) تەکە بۆ حاڵەتێکی نیگەتیفە ! !

وەك بەشێك یان لایەنێك لەدەرەنجامی توێژینەوەکە، حەز دەکەم تەوەری دوانەیی (ثنائیة) توخمە جیاوازەکانو کارو کاردانەوەکانیشیان ، لەتەمی رستەو دەستەواژەکان دەربێنم و ئاشناتریان کەم بەخوێنەر، کە بریتین لەمانە:

أ) **دوانییە دژەکان** (الثنائیات الضدیة):

**١- مەمك - تفەنگ :**

ئەوەبوو لەسەرەتادا هێمامان بۆ کرد و لایەنە جیاجیاکانی هەڵوەشانەوەو - جێ گۆڕکێمان (التفکیك - اللعب) بۆ پراکتیزەکرد، ئەوەندەی پەیوەندی بەم خاڵەوە مابێت، دەست نیشان

کردنی ژمارەی بەکارهێنانی تفەنگە لەو شازدە دێرەدا، کەسەرجەم (٩) نۆ جار بەکاربراوە، هەرچەندە سیانیان دیار نییە، بەڵام شوێنەکانیان دیارە، واتا لە دێرەکانی (٨،٦،٤) دا.

**٢- دوانەییەکی دژیی** (الثنائية الضدية) **تر:**

ئەم جارەیان (کونە پەپوش) هەماهەنگی تفەنگە، کەواتە ئەگەر خاڵی یەك و دوو ئامێتەکرێت، جۆرە ریزبەندیەك (أصطفاف) ی نوێ دێتە کایەوە کەئەویش هەر (الثنائية الضدية) یە بەلام لە بازنەیەکی گەورەتردا، واتە ئەو دوانەییە وا دەکەوێتەوە (تفەنگ و کوندە پەپوو) X ( شاعیر و مەمك) .

**٣- دوانەییەکی دژیی تر لەنێوان دووجۆرکاتدا:**

یەکەمینیان: دۆخی راوەستاو و نەگۆڕ کەلەتفەنگدا بەرجەستە دەبێت.

دووەمینیان: دۆخی گۆڕاو، کەلە (گەلا – جوانی – عیشق – چرا) دا فۆرمەڵە دەکرێت، بەلام لە دۆخێکی شلۆق و لاوازی ڕەنگ پەڕیودا!

٤– **دوانەییەکی دژی تر**، لەمیانەی سێ جۆر تفەنگدا، کەلەدەرەنجامدا هەر دەبێتەوە بەدوانەییە دژەکە، جۆرەکانی تفەنگ:

١. بەکارهێنانی تفەنگی دوژمن بەرامبەر بە ئێمە

٢. بەکارهێنانی تفەنگی ئێمە بەرامبەر بە دوژمن

٣. بەکارهێنانی تفەنگی خۆمان بۆ خۆمان (کە لتوکەی کەودەنی و ئابرووچوونە)

دیاری لقی (١،٢) بە حوکمی نێگەتیفی و هاوساچان و هەماهەنگیان، یەك مەبەست دەپێکن کە سڕینەوەی هەموو بەها نەتەوەیی و مرۆڤایەتیکانی ئینسانی کوردە، بەلام

تفـەنگی (٢) بریتیـە لـە دڵـە ڕاوکـێ قـووڵ و پیرۆزەکانی مرۆڤی کورد و هەوڵە درەوشاوەو سـیزیفیەکانی ! بـەرەو جیـهانبینی یـەک کەسیسـتمی دیاردەو حاڵەتـە نەتـەوەیی و مرۆڤایـەتێکان ڕوەو لوتکەی ڕەهـایی بـەرێت، هەرچـەندە لـە فـەزاو ئاو هـەوای هۆنراوەکـەدا سـیماکانی تفـەنگی ژمـارە (٢) گومنـاوو پەژمردەیەو تەنانەت هەر بەرایشی نیە، چونکە تفەنگە نیگەتیفو خەنیمەکە ، تـا ئـەم چرکەیـە باڵا دەستەو سوارەی ئـەو مـەیدانی ڕۆچـوون و شەرمەزاریەیە .

ب) **پەیوەندیە دژەکان** (العلاقات الضدية):

ئـەم حاڵەتـەش لـە هۆنراوەکـەدا هێنـدزەق و دیارە کەبەتـەنیا هێمای بۆ بەسـەو پێویستی بەتوێکاری نیە:

باڵندە و هەڵفڕین ← قەفەس و پزدان

خەناوکەی گەردن ← ئەڵقەی پەت و سێدارە

زڕەی بازن ⟵ کۆت و کەلەپچە
شەوی پەردە ⟵ ڕژانی خوێنی سەر

لەئەنجامی بەرجەستەکردنی ئەو هەموو دیاردەو حاڵەتە دژانەی کەخرانە پێش چاوو توێ کران، تاپۆی (شبح) حاڵەتێکی شاراوە سەر دەردێنێ کە توخمی (دراما)ی سەربەداستان و شانۆیە و لە شیعری سەردەمدا وەبەر چاو دەکەوێت، دیارە دراما بریتی‌یە لەو کێشە نەپساوو ئەبەدی‌یەی کەهەردەم ڕەورەوەی ژیان و هەموو دەرەنجامە سوسیۆلۆژی و ژیاریەکان بەرەوە پێشەوە دەبات، خۆ نکوولیش لەوە ناکرێت تا ئەو کێشانە فرە لایەن و قووڵ و توند و تیژتربن زیندوێتی و دینامیکیەتی مرۆڤ و ئاواتە دوورەکانی گەشتر وەبەرچاو دەکەون، ناڵاندنی ئێمەی کورد بەدەست ئەو کێشمە کێشەوە بەڵگەی زیندوێتی و توانای ئامبازبوونەوەی دەورو بەرمانە، بەڵام

لـەچوارچێوەی –جێـی داخـە!– کاردانـەوەی نێگەتیفیانەدا (الرد الفعل السلبی)، بەهەر حاڵ: گەوهـەری چامەکـەی (قوبـادی جـەلی زادە) بریتی‌یە لـەو زۆرانبازیـە ئەبەدیـە مێژووکردەی نێـوان مرۆڤـی کـورد و دۆزەخـی ئـەم واقیعـە تاڵەی کە بۆتـە دڕکـی کەڵـەوێ و هـەر چۆنێك بجووڵێی هـەر دەت گـەزێ و بـەئامان و زەمـان لێـت ناگـەڕێ نـەبژێت و نـەبمریت، کـە دەکاتـە (لایموت فیها ولا یحیی).

تیارمـان بەسـیماو دونیـای چامەکـەدا دەم گەێنێتـە ئـەو ئەنجامـە چاوەڕوان کـراوەی کـە بڵێم، ئەو تۆسقاڵە دڵەی کاك قوباد نەك بەتـەنیا لــە ئۆقیانووسـی نـامۆبووندا (الاغـتراب) تۆڕبەندکراوە، بـەڵکو خراوەتـە دەم نەهـەنگی نائۆقرەیی و دڵـەڕاوکێی داهێنەرانـەوە، نـامۆ بوون کات بێت یان جێگـا یـان تـەمـەن یا هـەر جۆرێك لە جۆرەکان؛ حاڵـەتێکی چورتمـی ئـەو تۆیـە کـە خـۆ دەربـازکردن لـە پـەیوەندی

تۆرەکانی ئەستەمە، بەتایبەتی لای شاعیرێک کەنەک رۆژانە، بەڵکوو چرکانەش ! ! پانۆرامای دیاردە دژ و نەساچاوو دزێوەکان لەدیدی جیهانبینی هەست و خولیاکانیا سەرەتاتکێیەتی، جگە لە چوار چێوە سیانید بەندەکەی دەورووبەر کە هەردەم تەونی پیلانی بۆکرواە بەداری تاوانادا و نەخشەی سەرەنگەرێ و دەرزی ئاژنی جەستەی شەکەتی هەرێمەکە خولیایەکی ستراتیژیيەتی ، دەمێنێتەوە خودی خۆشمان .. ئۆف لەدەست خۆشمان ! ! سەد مەخابن! ئەم لاق پاشقول لەلاکەی تر دەگرێت! ئەم چاو ئەوی دی دەرزی ئاژن دەکات! ئەم دەست ئەوی دی لەبندا دادەهێنێ! دیارە لەبەردەم ئەم دژوارترین حاڵەتەدا زەین و هەست و نەستی قوباد دووچاری پەستاوتنی دەورووبەر دەبێتەوە، دیارە قوتاربوونی زات لەزاتدا نەک مەحاڵە (الخلاص الوجودی)، بەڵکو

خۆراپسکانیشە لەپشتێنەی ئەو گەمارۆ هەمەرەنگەدا، هەڵفڕینی مەلی شیعرە روەو ئەو ئاسۆیەی کەنامە رەنگاڵەیی‌یەکانی دڵی شاعیر بگەیەنێتە کووچەیەك کەستارێکی تیا بدات، دیارە ئەو دنیا دلۆڤانەش نەك بێ بەراییە بەتەنیا؛ بەڵکوو زرەخەونی پاساریە تەرێوەکانی رۆحیشە! من ناڵێم باشاعیری ئەم سەردەمەی کورد نەبێتە کێشە مەزنە مرۆڤایەتێکانی وەك: چارەنووس،ژیان—مردن— نهێنی‌یە ئەنتۆلۆژیەکان ..خودی مرۆڤ وەك بەهایەك .. وەك دیاردەیەکی کەونی ..هتد ئەم تەوەرەو بابەتانە سنوور و مەودای ئەدەبی نەتەوەیی دەگوێزنەوە فەزا فراوانە جیهانی‌یەکان ، سەیری ئەم چەند پرسیارە ئەنتۆلۆژیو فەلسەفە ئامێزانەی گۆران ، چ نەمریەك دەبەخشنە شیعرەکە:

**بەڵام رۆڵەم کە تۆ ئێستا لەفەجری زیندەگانیتای**

**لەبەردەرگای تەلیسمی بەختی مەجهول و نیهانیتای**

بەچی مەعلوم بەشوێنی هی منا نەڕژێ چەمی عومرت؟
سەراسەر پێکەنین و خوررەمی نابێ خەمی عومرت؟
بەڵێ، بەرخم! ئەگەر چی هەروەکو یەك ژینی گشت لایە
لەبەینی بێشکەو قەبرا، بڕینی عەینی ڕێگایە!
هەموو هەر قافڵەی بێ ئیختیاری سەر زەمینێکین
هەموو دێین و دەڕۆین .. تاکوو ئەگەین، یەعنی ئیتر ئەمرین
وەلێ کۆچی ژیان کۆچێکی پڕ سیحر و پڕ ئەفسوونە :
لەیەك سەرچاوە دوو قەترە : یەکێ لیێلە، یەکێ ڕوونە!

ئایا ئەو کارتێکردنە ئەفسووناویەی ئەم شیعرەی گۆران، بۆ سەر ناخی رۆح، ناوەرۆکی هۆنراوەکەیە یان فۆرمەکەی؟ یان بە هەردووکیان ئەو شاکارە دەنەخشێنن؟ بەرهەمە نەوازەکانی ئەم بابەتە دنیا بینی و چارەنووس سازیەی مرۆڤ بەگەشی و نەمری دەمێننەوە، هەر بۆنموونە هۆنراوەی (الطلاسم) ی (أيليا أبو ماضي) و (داستانی گاگامش)و، بە شێکی گەورە لەبەرهەمەکانی

(جــەلادینی رۆمـــی) و (فــەریدەدینی عــەتار)و ..هتد.

گــەلێ جـاران بـۆ رەواندنــەوەی ئــەو تـــەمی نامۆبوون و پەستاوتنەی سەر نەست و هەستی شــاعیر، هانــا دەبرێتــە بــەر بــەکارهێنانی (توظیـف) تـوخمی بابەتـە ئەدەبی‌یەکانی تـر، چونکـە ئـەو توخمانـە هێندەیـــان لەوزەدایـــە، کەئەو دڵە ڕاوکێ و خورپەو نائارامیــەی شـاعیر هەڵمژن و و ڕووبەری هۆنراوەکەش فـرە رەنـگ و دەنگ تر دەکــەن، سـەرنجدانی هۆنراوەکـانی (سەیاب) و (ئــەدۆنیس) و (شـێرکۆ بێکـەس) و (محمـود درویـش) ، گـەواهی بـۆ چوونەکــەمن، چونکە مێرگی هۆنراوەکانیان بەشەتڵی رەمــز و دیالۆگ و مۆنتاژ و میسـۆلۆجیا رازێنراونەتــەوە چوونەتە ئاستێکی خــەمڵیوترەوە، ئەمـە جگـە لــەو ئــارامی و هێــور بوونــەوە ســایکۆلۆژیەی کــەناخی شـاعیرو خوێنــەریش پــاکژ (تطـهیر) دەکاتەوە، نەك بە لۆژیکـی ئەرەستۆ واتـە لـە

نێوان (ترس و بەزەیی) دا ، بەڵکوو بەتیوورەکانی (أنعکاس) لای هیگڵ و شوبنهاور.

کاك قوباد یەکێکە لەو دەنگە شیعریە ئێجگار ڕەسەنانەی کەکەم تا بێشێ فەرهەنگی وشەو دەستەواژەو ئامرازەکانی سەر بەتاقیکردنەوە هونەرێکانی خودی خۆیەتی و جۆرە خوڕی و نەوازەییەکی پێوە دیارە، کە دەشێت ئەم حاڵەتە پۆزەتیفە بەهێز تر کرێت بە شۆڕبوونەوە بەناخی بەرهەمی شاعیرانی کلاسیك و فۆلکلۆرە دەوڵەمەندەکەو کتێبە نەوازەکانی سێ کوچکەی موکریان (هەژار و هێمن و زەبیحی) و هەموو بەرهەمەکانی ئەو میحوەرە، چونکە هەرگیزاو هەرگیز ئێستای شیعریمان دەبێت لەسەر فەرهەنگی دەوڵەمەندی چڕ و پڕی ڕابردووبنیات نرێ و ڕوباری شیعری هیچ میللەتێکیش دەوڵەمەند و خوڕ نابێت هەتازێ و جۆگاو کانی ڕابردووی

نەچێتەوە سەر، بەداخەوە زمانی هەرە زۆربەی شاعیرانی ئێستا لاواز و دەسکورت و بێ پێزە، چونکە سەرچاوەی فەرهەنگەزمانی خاوەنەکانیان ئەو چەردە دیوانە شیعرە عەرەبی و کوردیی و فارسی‌یە نوێیەیە، یان ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە نوسیەی ئێستایە کەناتوانن هیچ فەزایەك بخەنە سەر نە فەرهەنگی شیعر و نەفەرهەنگی هونەری شیعر، هەرگیز لەو دارو بارو ئاووهەوایەدا شاعیری سەرکەوتوو چاو هەڵناهێنێ ئەگەر لێکی نەنێت!!

بەلای منەوە تاقیکردنەوە شیعری‌یەکانی قوبادی جەلی زادە بەو دارو بارو فۆرمەی ئێستایەوە، کەڕەنگکدانەوەی بەهرەو توانا زمانی و ئەدەبی و وزە شاراوەکانی ناخیەتی، دەشێت نوقلانەی داهاتویەکی گەش و بەهرەداری پێوە بێت - ئەگەر وەزو ئاواتە شیعری‌یەکانی لەهەوڵ و چوونە پێشەوەو

تاقیکردنەوەی نوێـدا بێـت! — واتـە بمانـەوێ و نەمانەوێ قوباد خـاوەنی مەملەکـەتی دەنـگ و رەنگی شـیعری خۆیـەتی و ئـاوازێکی رەسـەنی هۆنراوەی ئەم سەردەمەی کوردە.

# سێ تەڵ وەنەوشە
# بۆ کەزیێکانی شیعر

# چامەی (شەوێکی تر)
# لە ئاسۆی رەخنەی تەتبیقیدا

دیسانەوە —هاودەردەکەم- وا پێم نایە شەوێکی تر
جامی خەمم هەتا لێوە
ئەی رابەری خەمبارەکان .. ئەمە جامی خەمی منە
خەمی کەسی پێ مەپێوە
لە چاومدا خۆی ناگرێ و من هەر دەینێم بەسەرەوە
ژیانی من چامە یەکە بەسەر یەکدا تێکشکاوە
سەرخۆشیش بم دێڕ بەدێڕیم بیرخەرەوە
رەخنە سازیت .. گری کانیم بۆ واز بکە،
هێماکانی هەڵبەرەوە
وا کووپەی مەی دەگاتە بن .. باوەڕ بکەن تەواو مەستم
کەفتەم، کەفتەی ئەم مەیخانە سێبەر و قورسەم
بێ دار دەستم،
هۆشەمەکەم، شەمی دێرینی تێڕوانینم
منی (سەنعان) مێزەرەکەم کرد بە —زوننار-
بەر لەئەوەی سەر هەڵبڕیت
- کە من چاوم بە چاوت کەوت — چۆن دەتوانم

بلێم من شێخی سەنعانم ؟!
چۆن چۆن بلێم من مەزهەبی (تەرسا) ی ئەوین
چاك دەزانم ؟!
باشە ئاخۆ تۆ پرسیوتە، من لە کێشی ئەم بارەدام؟
باشە ئاخۆ تۆ زانیوتە من ژێیەکم لەناو گەروی ئەم شارەدام؟
- ڕۆژێ مێژوو هاتە ئێرە
لەلاپەڕەی دوو[1] سەدی دا
وتی بینیم کۆڵە سواران بەپەنجەی کۆڵ ەژێیان دەکوشت
منیش لەناخ و سۆزم دا ئەوەی هەمبوو — فرمێسکی سوێر —
بۆ کەژاڵ و بەهارم ڕشت
هەموو ساڵێ : حەقە پەڵە .. داوای شەست و لافاو دەکەم
چەمی ئەشکم بێ و سەربکات
چەوی سووری دەردی گرانی عومری خۆم بۆ دەربخات
ئەی تۆ هاتی ماڵۆچکەکانی دڵی من شەخڵ بکەی ..
بیان پێوی
ئاخۆ ئەم عیشقەی تۆ دەگرن ؟
بەچکە کەوی شیعرەکانم دەستەمۆکەی
ئاخۆ دەژین یاخود ئەمرن ؟
کە تۆ پرسیت —ئیمتحان بوو— ناوی گوڵان چەن دەزانیت ؟

منیش وتم باوەڕ بکە تەنها ناوی تۆ دەزانم
وەکوو (سیزیف) هەر بە تەنها تاشە بەردی ئەم خولیایە
سەردەخەم و دەینێمە سەر نەڕی شانم
کە تووڕە بوویت وتت ئەی تۆ لەخوای ئەوین داوات چی‌یە ؟
وتم هەرچی ژنە کوردە
بلێیت بەخەنجەر دووگیانم
ئەم هەلەیەو لەدەستی خۆتی دەرمەکە ..
بیرەناو خەلوەی شێواوم
درەختێکم ، بێ سەیر بکە .. ئاخۆ چۆن چۆنی ڕواوم ؟!
ئاخۆ سایەم کەلکی هەیە لە ڕێگەتا ببمە سایەت ؟
لە ئینجیلی بەرباخەلتا دەشێ منیش ببمە ئایەت؟
من ئەو (زەردە) م بێ بمبینە، جێگە نوێژی (نارامسین) بووم
چۆلم مەکە
فێری حەوزی سەرچاوەکەی قەرەداخم
قەت ناچاری تەیەهوهی خۆلم مەکە
ئەی شەمەکەم ، ئەم شەویشم بەم سەرمۆرە دەبەمەسەر
ئەی شەمەکەم مەیەو مەچۆ ..
با (شەولەبان)ی شەوی شار نەت دا تەبەر
هەر هیچ نەبێ تۆ بمێنە وەکوو مۆمێ بۆ دەرەکان

لە کۆچەریێ کۆچەریدا.. هێندە دەرە هەڵکەنراوە
بێ شەوقی شەم رێ دەرناکەن
بێ شەوقی شەم شیعری منی بابی خەمان لەبەرناکەن
بێ شیعر و کڕ .. هەتاماون تاجی رەواج لەسەر ناکەن

❊❊❊

ئەی جامی خەم کەشەو دابێ هەر بەپڕی دەتخۆمەوە
سەوزەی مەزەم مەی ئالوودە ، من سەوزەی خۆم ناشۆمەوە
من لەرەنگی جوانی تۆدا تاڵاوی ژین رادەماڵم
ئەی جامی خەم شێوەی شەمم لە تۆدایە ..
هەموو شەوێ بێرە ماڵم
بێ تۆ گوندێکی وێران و بێشەکەیەکی بێ مناڵم
بێ تۆ ساوای زەدەی دەستی شەو لەبان و دایکی هاڵم
بێرە ماڵم ، بێرە ماڵم
شاپەرێکی تازەم دەبێ بیخەمە سەر تینی باڵم

---

(1) مەبەست لەدایك بوونی شاری سلێمانیە
تێبینی/
1- ئەم هۆنراوەیە لە ١٩٨٨/١١/٧ دا دانراوە، لەکاروانی ژمارە (٧٢) ١٩٨٩دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم هۆنراوەیە دوای ئەنفالە بەدناوەکان دانراوە ، دیارە توانای لێ هاتووی شاعیر دەردەخات کە چۆن لەو چوارچێوە رەمز ئاسایەدا ئەو ئازارو ژانە نەتەوەییەی بەرجەستە کردوە.

حەسیب قـەرەداخی پێویسـتی بەناسـاندن نی‌یەو دەمێکە هەناسەی گـەرمی هۆنراوەکانی ئالوودەی هەست و هۆشـی مرۆڤی کوردە، لـە بواری ئەو ئاژاوەو تەپ و تـۆزە شیعریەی ئـەم سـەردەمەی کـوردا، چـارەوێی هۆنراوەکـانی تیــژرەوو خــاوەن ئــەزموون و رەســەنن، هۆنراوەکانی حەسیب قەرەداخی لەسـەر چەند تەوەرەیەکی جودا جودا لەنگـەریان گرتـوە کەسەرجەم بریتین لە :

١- بیر و باوەڕ و ناوەرۆکی نوێ خوازانـەی نیشتمانی و نەتەوەیی .

٢- چێــژو ســەلیقەیەکی خۆرســکی شــاعیرانەی ئــاودراو بەکەلــەپوورە بەرشتەکەی هۆنراوەی کوردی.

٣- بەهرەیــەکی تایبــەتی کــە رەنگــی پێناسەی شاعیر دەرێژێ.

٤- دەسەلاَت و توانایەکی بەبڕشت بەسەر زماندا.

نامەوێت لەم نووسینەمدا پێشەکییەکی ئەکادیمیانەی وشك و برینگ هەڵڕێژم و هۆناروەی (شەوێکی تر) یش بخەمە جەڕ و مەنگەنەی قوتابخانە ئەدەبییەکانەوە، نەخێر، لەنێو جەرگەی خودی هۆنراوەکەوە سەرنجەکانم لەدایك دەبن و رەخنەیەکی تەتبیقی ، فەراهەم دەهێنم ، هیوادارم خوێنەر داوای رەخنەی تەفسیریم لیّ نەکات چونکە ئەم جۆرە رەخنەیە بەتایبەت لەم بوارەدا هەناسەی مرۆڤ کورت دەکات و هەر بەدەوری شیعرەکەدا دێت و دەچێ، بێ ئەوەی تۆسقالێ داهێنان و خۆراکی نەمری بدات بە گیان و هەست و بیر، جگە لەمەشیان لەوزەی ئەو جۆرە رەخنەیەدا نییە کە بتوانێت هەندی قەناعەتی شاهیر بەمەسەلە هونەری و فەنتازیاکانی شیعر کاڵ کاتەوە، یان بیگۆڕێ

یان لاپەڕەیەکی گەشتر لەبەردەم شیعرەکانیا ئاوالەکات یان تۆوی داهێنانێکی نوێ و بەوزەتر لە کێلگەی هۆنراوەکانیا بروێنێ، یان چێژی هونەریی (الذوق الفني) مشت وماڵ کات. وەك پرۆگرام و ڕێ و جێی نووسین من هەمیشە دژی ئەو رایانەم کە دەڵێن بابەتی ڕەخنە لێگیراو پرۆگامی ڕەخنە دەرێژێ و سنووری بۆ دادەنێ، چونکە ئەم رایە دەوری ڕەخنەگر دەکاتە (تابع)، بەلام لە راستیدا ڕەخنەگر هەرکەسێ بێت، بەر لە هەر شت خاوەنی بیروراو ئایدولوجیا و بۆچوون و کەسیەتی خۆیەتی و دەبێت ئەو گەنجینە توانا و بەهرەیەی سنووردانێت بۆ بابەتە ڕەخنە لێ گیراوەکەو لەو ڕێگایەوە دەروازەی داهێنانی نوێ تر بخاتە سەر گازی پشت و کەسێتی خۆی لە کێلگەی داهێناندا بسەلمێنێ..

هۆنراوەی ((شەوێکی تر) یەکێکە لە هۆنراوە درێژەکانی شاعیر، جگە لەمەش هەندێ

هۆنراوەی درێژی تری لەم بـوارەدا وتـوە، وەك (ئەوەڵ سـەحەرە)، (لـەیادی دووسـەد ساڵەی سلێمانی‌دا) کە خـۆی لـە خۆیـدا شـاکارێکی ئەدەبی بوو. ئـەم جـۆرە هۆنراوەیە پێویستی بەهەناسـە درێـژی و ووزەی فــرەو تــەوژمی هونەری بەخوڕ هەیە، کەکەمتر شـاعیرانی ئـەم سەردەمە خۆیانی لەقەرە دەدەن، ئـەم بابەتـە گەرەکە گیانێکی درامی ئاسـا هـەڵس و کـەوتی پێ بکات، ئەگەر کرۆك و تان و پۆی دراما وەك توخمێکی سـەر بەداسـتان و شـانۆنامە کێشـە (صراع) بێت، دیارە هۆنراوەی (شەوێکی تـر) ، پڕە لە کێشـەو بەرامبـەری و پێك هـەڵپژان لـە نێوان هێز و بۆ چوونە دژەکـاندا، وەك (شـاعیر X ژیانی ئێستای) ، ( بە ئاگاییX بێ ئاگـایی)، (تێك شـکان X هەڵسـانەوە) ، (کۆڵـە سـوار X ژێ)، (سـیزیف X ســـەرکەوتن و هـــەوڵدان)، (کانیاو ژیارو شارتانێتی و زەردە X تەیەموم و ساراو دوورکەوتنەوە) ،(شەم X هـاڵ و شـەو

لەبان) ، لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ، ئایا ئەم دژانە وەك لە شانۆدا دەبینین پێ دەگەن و گەورە دەبن و نەش و نما دەکەن؟ یان بەهەموویان واقعێکی هونەری پێك دێنن؟ لە هۆنراوەدا وەك شانۆ ئەم توخمانە نەشو نوما ناکەن، بەڵکوو خۆیان لە خۆیاندا دەبنە چەند دەنگ و هەناسەو سازێك و بەهەر هەموشیان دارو باری هۆنراوەکە دروست دەکەن، ئایا ئەم فرە دەنگی و توخمە دژانەی نێو هۆنراوەکە یەکیەتیەکی ئۆرگانی (وحدة عضوية) دروست دەکەن ؟ یان هۆنراوەکە دەبێتە چەند هۆنراوەیەکی بچووك و بەتەقەڵی شاش و واش پێکەوە دەلکێنرێت؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە هەروا بە ئاسانی لە قۆناخی یەکەمی رەخنەکەدا سەوز نابێت و پێویستی بە لێدوانی پتر هەیەو لەئەنجامدا تاریك و ڕوونی وەڵامەکە سەر هەڵدەدات ! !

هۆنراوەکـــە وەك ووتم بریتی‌یـــە لـــە چـــەند دەنگێك کە هەر یەکێکیان پەیوەندیەکی دیاری بەوی ترەوە هەیـە، چۆنیـەتی پەیوەندیەکـەش فرە لایەنـەو چوون یـەك نیـە، لەهـەندێ کاتدا دژەکان لێك نزیـك دەبنـەوەو ئەڵهای یـەکبوون دەکەن، خۆ لە هەندێ جاری تـردا دژەکـان لـە ئەوپەڕی پێکدادان و ناجۆری دان.

## دەنگەکانی نێو هۆنراوەکە:

١- شاعیر: _

خـودی شـاعیر تـەوەرەی هـەموو دەنگەکانـە و دروست کەری پەیوەندی فرەلایەنی نێوانیانە ، شاعیر لەدەرگای دڵی هـەموو دەنگـەکان دەداو وەك دێوانەیەکی وێڵی ئەم کەژ و چیایە ئۆقـرە نـاگرێ و لـە چوسـت و جودایـــە، هـــەروەك ئاگرەکـەی (پرۆمیسـوس) لـە تـاڵ تـاڵی دڵـی بـــەربوو بـێ دێـت و دەچێـــت و ئەڵـــهای کانیاوەکەی قەرەداخ و بالای شـەنگ و شـۆخی

زەردو ، لاپەڕەی داستان ئاسای نارامسن دەکات، دەیەوێت لاشەی ساردوو سڕی ئەم سەردەمە زریانە، بەکوانووی گەرم و گوڕی رابووردوو ببووژێنێتەوە، چی بکات؟ خەمێکی خەستی ئیقلیم گیر تێکەڵ بەمەرەکەبی پیت بە پیتی هۆنراوەکەی بوە، ڕۆژ نی‌یە لە گۆڕستانی دڵە خەمناکەکەیدا تەرمی خەم و پەژارە مەزنەکانی نەسرەوێنێ (کەدەڵێم گۆڕستان؛ دیارە گوڵ ئەرخەوانیشی تێدایە)، ئەگەر لەسەر نەخشەیەکی بەیانی وێنەی هەست و خورپەو خولیاکانی شاعیر بکێشین هەست دەکەین لەگەڵ هەنگاوەکانی هۆنراوەکەدا لەبەرزبوونەوەو داچوونی سەیردایە، دیارە تەنها هۆ، ئاگرەکەی دڵیەتی کەسیروان و زرێبـاری مەبەستە تایبەتی‌یەکان نایکوژێنێتەوە، چونکە وەك ووتم خەمەکەی لە سنووری تاك و خۆ خواردنەوەی وجوودیانە چۆتە دەرەوەو سیمای (گشتی) وەرگتووە،

بۆ ئەوەی تاکێتی (تفرد) خۆی لەدەست دابێت:

**ژیانی من چامەیەکە بەسەر یەکدا تێك شکاوە**
**سەرخۆشیش بم دێڕ بەدێڕیم بیر خەرەوە**
**وەك رەخنەساز گرێ کانیم بۆ واز بکە**
**هێماکانی هەڵبەرەوە**

## ٢- دەنگی دووەم (هاودەردەکەم)

هاورێی گیانی بەگیانی شاعیرە، هەر کەسێك بێت! ئەویش دەتلێتەوە بە ئازاری گەورەوە، رووی دەمی شاعیر بەر لەهەر کەس بۆ هاودەردەکەیەتی، دیارە دەردی شاعیر لەدەرەوەی مەودای کاتەو دەمێکە پێوەی دەتلێتەوە، ئەگینا بۆ دەڵێت( واپێم نایە شەوێکی تر) ، دیارە دەردەکەی کاریەو ترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە پێ نەنێتە شەوێکی دی.

## ٣-دەنگی سێهەم (پیری موغان):

لــه هۆنراوەکــەدا دڵســۆزەو جێــی متمانـــەی شاعیره:

**پیری موغان ئەمە جامی خەمی منە، خەمی کەسی پێ مەپێوە**

**لە چاومدا خۆی ناگرێ و من هەر دەبینێم بەسەرەوە**

شــاعیر لاپــەڕەی خەمــەکانی ووشــە بــە ووشــە پیــت بــە پیــت، بۆ والآدەکـات، پـیری موغــان پزیشــکی ســەربرینی خەمەکانــەو هــەموو شــت چارەســەر دەکــات، شــاعیر لەبــەردەم پــیری موغـاندا، دان بـە هـەموو نهێنی‌یـەکدا دەنێـت، ئەوەتانێ هەرێمی ژیانی لێ بوەتە مەیخانەیەکی سێبەر قورس، یەك لەسەر یەك پێکی خـەم فڕ دەکات، کـە کووپـە دەگاتـە بن، ئینجا مـاری خەم و هــۆش و بیرکردنــەوە، لـە زمانـە بڵێسـە دەکەوێت و چـی تـر ئـازاری دڵـە بریندارەکـەی نـادەن، بـەڵام هێنـدە هەیـە بـەو مەسـتیەش ئەوەندە ئاگای لە خۆیەتی، کە بێ دار دەستە،

بێ نەوایە، سەندبادێکەو شەپۆلە بەتەوژم و ناکاتەکانی زەریای هات و نەهات هەردەم بە تاشە بەردی کاەساتێکیا دەدات.

## ٤- دەنگی چوارەم (شەمە)

زۆربەی پرسیارو وەڵام و دەربڕینی ختووکە و هەواو هەوەسی دڵ لای (شەم) دەرگا دەکرێت، پریاسکەی هەرێمی دڵی شاعیر لای شەم واڵا دەبێت، شەم نهێنییەکی مەزنەو لەدەم نەهەنگی تێکشکان و هەرەسی ڕۆژگار فرێنراوە، شەم لەخودی هۆنراوەکەدا — هێندەی من بزانم — دەبێتە چەند شەمێکی هێژاو ئێسك سووکی دڵی شاعیر!! بەڵام بەهەر هەمووشیان دەبنە هێز وو تەزوو دەرژێنە گورپەی دڵی فەلسفەو مەبەست و قیبلەنمای شاعیرەوە.

ئەگەر شێخی سەنعان دوای بینینی ئازیزەکەی مێزەرەکەی راوەشاندبێت و بوو بێتە دێوانەی

سەحرا نەوەرد، دارە شاعیر پێش بینین چۆتە ئەو دۆخەو لەویشی تێ پەراندووە.
حەسیب قەرەداخی لەم هۆنراوەیەدا هوشیارانە سوودی لە شانۆ بینیوەو گەلێك دایەلۆجی لەگەڵ شەم فەراهەم هێناوە، بەلام سەیرە! دایەلۆجەکەش لەزۆربەی دا یەك سەرەیە، دەنگ هەر دەنگی شاعیرەو شەمیش لە هەموو بۆنەو بابەت و پرسیارە جوداکاندا واق ورماوە! نازانێ چی بڵێ، تاوان لە کێوەیە؟، ئێتر هەر ڕێبواری شەکەتی پرسیارە و بەکێوی سەختی وەلامدا هەڵئەگەڕێ، بێ ئەوەی بگاتە لوتکە، وەك وتم شەم لەیەك دۆخدا بەردەرناکەوێ، وەك شەبەنگە بەڕۆژ هەرجارەی ڕوو لە ئاسۆگەیەك دەکات، گەهێ پەتیارەو شەکەتە و سەرجەم کووچەو دەرگاو پەنجەرەی شاری لێ داخراوەو بۆتە تەنیا سوارەی پێ لەعەرد بڕاو:
**ئەی شەمەکەم مەیەو مەچۆ**

**باشەولەبانی شەوی شار نەتداتە بەر**
**هەر هیچ نەبێ تۆ بمێنە بۆ زاخاوی خەنجەرەکان**
**هەر هیچ نەبێ تۆ بمێنە وەکوو مۆمێ بۆ دەرەکان**
**بێ شەوقی شەم رێ دەرناکەن**

گەهێکی تر (شەم) لەو پەڕی تین و وەزو گورپەو هێزدایە، بەڵام لە زەمینەی دڵی شاعیردا! نەك کێڵگەی واقیع ، تەنانەت شەم دەبێتە ئاوێنەیەکی باڵانمای هەست و هۆشی شاعیر و داینەمۆی بیرکردنەوەی:

**ئەی تۆ هاتی ماڵۆچکەکانی دڵی من شەخڵ بکەی**
**بیان پێوی؟**
**ئاخۆ ئەم عیشقەی تۆ دەگرن؟**
**بەچکە کەوی شیعرەکانم دەستەمۆکەی**
**ئاخۆ دەژین یاخود دەمرن؟**

جگە لە (دایەلۆج) شاعیر سوودی لە شەپۆلی هۆش (مونولوج داخلی) بینیوە، کەئەمە تایبەتە بە جیهانی ڕۆمان و چیرۆکەوە، ئەوەتانێ شەپۆلی خەمە ئەرخەوانیەکانی دەیدا

بە تاشەبەردی رابووردوو داو خوێنی گەشی بەهارو کەژاڵی لەدڵ دەردێنێ:

**منیش لەناخ و سۆزمدا ئەوەی هەمبوو..**
**فرمێسکی سوێر بۆ کەژاڵ و بەهارم ڕشت**
**هەموو ساڵی حەقە پەڵە.. داوای شەست و لافاو**
**دەکەم چەمی ئەشکم بێ و سەربکات**
**چەوی سووری دەردی گرانی عومری خۆم وەدەر بخات**

***

یەکێک لە سیماکانی تازەکردنەوە لەم هۆنراوەیەدا هەڵاوێردنی گیانی خیتابیەت و دەنگ سازی ووشک و دوانی راستەوخۆیە لەگەڵ مێشک و زەیندا، ئێمە لە هۆنراوەی نوێدا پێویستمان بە جیهانی ئەودیوی وشەو بەیتەکانە، ئەو جیهانە ئەرخەوانیەی کەدوای خوێندنەوەی راستەوخۆی هۆنراوەکە تەمی بە ئاسانی لە مێشکماندا نارەوێتەوەو تەلەکانی سۆز و هەست و خورپەو راچەنین دێننە جووڵەو بزوان و جۆرە خورپەیەکی خۆش،

یان بەواتایەکی تر( چێژی هونەری) لەناخی ناخماندا دەهەژێنن.

گەرەکە لە هۆنراوەی سەرکەوتوودا مەبەست و خولیاو ویستی شاعیر بە رێگای هەست و سۆزدا رووەو بارەگای مێشك و زەین بڕوات، بە پێچەوانەی هۆنراوەی کۆن، کەسەرجەم مەبەستەکان بە تیشکۆی (بؤرة) زەین دا رەودەکەن و لەوێوە بەجیهانی هەست و راچەنین ئالوودە دەبن— ئەگەر ببن ! — لەم هۆنراوەیەدا ئەوەی کەسەرنج راکێشە سێبەری واتاکان هەتا بلێی پڕن لە (ئیحاء) بۆ واقعێکی تر بۆ جیهانی ئەو دیوی هۆنراوەکە، دیارە هەتا (ئیحاء) ە کە ئەرخەوانی و سرك و خۆ بەدەستەوە دەرنەبێت، هۆنراوەکە سەرکەوتووترە.

**کەفتەم کەفتەی ئەم مەیخانە سێبەر قورسەم بێ دارەدەستم**

ژیانی ئێستای شاعیر بریتی‌یە لە مەیخانەیەکی سێبەر قورس، دیارە ژیانەکە لای ئەم خۆی لە خۆیدا خەرابادێکی پەیتارە و بێ مەبەستە، شاعیریش کەنەفت بووەو لە کونجی وێرانەیەکەیدا سکاڵا دەکات، ژیان — وەك مان — بەم هەموو گەشی و نەوازەیی و پرشنك و زەردەخەنەیەوە گەشتبێتە ئاستێك کە شاعیر لەدەستی رابکات و پەنا بباتە بەر مەی و تەنانەت مەییش دادی نەدات، دەبێت چ بایەخێکی هەبێت؟! ئەمەشیان بەهەر حاڵ! تەنانەت لەوچوارچێوە مەرگەساتەیشدا (بێ دار دەستە)، ئایا دەستەواژەی (بێ دار دەست) تاریك و نووتەکی جیهان و مێژوو شارستانیەت و دەورو بەر نی‌یە؟

لەدوا کۆتایی سەدەی مانگی دەسکرد و تەکنەلۆژیا .. مرۆڤ بێ دار دەست بێت، قومێ ئاو نەبێت قورگی وشك هەڵتووی پێ تەڕ کات، کە هاواری پێ بکات، خۆ ئەگەر بیشی کات

لەژاوە ژاوی کڕین و فرۆشتن و بازاڕ و سەفقەو دابەشکردنی جێ دەستەڵات کێ بەدەمیەوە دێت؟ کێ دڵۆپێ فرمێسکی بۆ دەرێژێ — ئەگەر بەدروش بێت — هەر بۆیە شاعیر پەنا دەباتە بەر شیعر.

**بۆ شکاننی ئەو گەمارۆیە**

**بێ شیعر و گڕ .. هەتا ماون تاجی ڕەواج لەسەر ناکەن**

شیعر تەنیا چەکەو خوێی سەر برینە، مەقەست و نەشتەری ناخی ناخە، هەربۆیە شاعیر پەنای بۆ دەبات و لەرێگایەوە گەمارۆی شار دەشکێنێ و کوڵ و نان و ووشە دەخاتە سەر سفرەی مێژووی هاوچەرخمان.

لەشوێنێکی کەدا شاعیر دەڵێت:

**وتی ببینیم کۆڵە سواران بە پە نجەی کۆڵ ژێیان دەکوشت**

لە کێڵگەی هۆنراوەکەدا کێشەیەکی تر سەر دەردەکات ئەویش ئامباز بوونی (ژێ) یە بۆ

(کۆڵە سوار) ، وەك ووتم هۆنراوەی نوێی سەرکەوتوو لەو دیو وشەو رستەکانەوە حیسابی لەگەڵ دەکرێت (ژێ) یان (کۆڵە سوار) وەك دوو چەمکی ڕووتی سەر بەزەین و مێشك مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، نەخێر شاعیر (ژێ)یە واتە دەنگە شەپۆلەکانی دەکاتە هەموو کون و قوژبنێك، هەموو دڵێکی ژەنگاوی و زارەترەك دادەچڵەکێنێ، هارمۆنیا و گەرمی و هێمنیش دەئاخنێتە ئەو دڵە گەورانەوە کە خورپەی هەواڵە هەمیشە دڵ تەزێنەکان لە وزەی ناخەن و هەر لە گورپەدایە، بەڵێ شیعر نیرۆدا واتەنی دەنگی خودایەو شایەتی لەدایك بوونی مێژوە. لەبەرامبەر (ژێ) دا بەم هەموو سنوور شکێنیە، (کۆڵە سوار) قوت بۆتەوە، دیارە سنووری نێوان ژێ و کۆڵە سوار مەرگە، کۆڵە سوار رەمزی گەمژەیی و دردۆنگیە، رەمزی چەقۆو نێزەو پەت و سونگیە، بەڵێ دوو سەد ساڵە هەر کۆڵە سوارەو جرید بازی

دەکات، هەر سم و نالی کۆڵە سوارەو کۆڵە دەکوتێ و جەرگ و هەناو دەردێنێ، لەمەزراو کێڵگەی دڵدا سن و کوللەو درک دەچێنێ.

هەر بەدوای هەمان بەیتە شیعرا، حەسیب قەرەداخی جڵەوی هەستە گشتی‌یەکەی (الشعور الجمعی) لەدەست بەردەبێ و هانا دەباتەوە بەر خەمە تایبەتی‌یەکەی ، یان بەواتایەکی تر(گشتی و تایبەتیەکە) هاوکێش دەکات و دەڵێت:

**منیش لەناخ و سۆزم دا ئەوەی هەمبوو**
**فرمێسکی سوێر بۆ کەژاڵ و بەهارم ڕشت**

هەرچەندە من لای خۆمەوە بەستنەوەی ئەم لایەنە (تایبەتی و گشتی‌یە) لەم شوێنەدا بەساچانێکی بەهێز دانانێم و هەرگیز وەڵامی پساندن و لەناوبردنی (ژێ) بەو دووبەیتە نارِسکێ. لەوانەیە هەبێت دڵی چەکەرەبکات کە گوایا شاعیر بۆ هانا دەباتەوە بەر فرمێسک و چەمی ئەشک و گریان؟ تۆ بڵێی ئەمەبێ

وزەیی، ساردبونەوەو رەش بینی بێ؟ نەخێر گریانەکەی شاعیر—ئەگەر گشتیش بێت— گریانە بۆ شارستانیەت، بۆ مرۆڤ ، بۆ مێژوو بۆ هەموو دیاردەیەکی پیرۆز کە دووسەدەیە بەدەستی (کۆڵە سوار) گۆرەو شار دەدرێ و دەرزی ئاژن دەکرێت، ووشەی فرمێسک، یان فرمێسکی وشە لەهەندی باروودۆخدا دینامیکیەتی داهێنانە و دەتەقێتەوە ، ئایا نالی دوای ئاوارەیی و هاتنی رۆمەکان (قوربانی تۆزی رێگەتم ..) ی نەنووسیایە چی بنووسیایە؟! ئەگەر هۆنراوەیەکی سەر لێو لەگەشبینی دڕدۆنگای قاچ لە واقیع براوی بنووسیایە، ئەو کاریگرەیەتی‌یەی ئێستای دەبوو؟! ئایا سالمی دەخستە سەر کەڵکەڵەی وەلامە قەشەنگەکەی؟ من هەردەم وتوومە گەشیبینی بێ بنەماو فەلسەفەو رەشبینی وجودیانە دوو رووی دراوێکی قەڵبن.

***

له هۆنراوەی سەرکەوتوودا هەندێ ناوچە هەن کەتەوەری تیشکن و لەوێوە زۆربەی بۆچوون و مەبەستەکانی شاعیر بەگەشی خۆیان دەنوێنن وە دەشێت ببنە تیشکۆی (بؤرة) هەست و خولیای شاعیر، دیارە ئەم هۆنراوەیەش وەك هەر هۆنراوەیەکی تر، هەندێ لەو ناوچانە بەخەستی دەستیان گرتوە بەسەر لایەنەکانی ترداو بوونەتە سەرقافڵەو جڵەوی هەستی خوێنەرو، هەر بەلای ئەو چەند شوێنە رووناکەیدا دەبەن، لە هۆنراوەی کۆندا بەم دیاردەیە وتراوە (شابەیت)، هۆراس پێی وتوە (الرقعة الأرجوانية)، دیارە هەتا ئەم (شاواتاو وێنانە) پتر بن هێندەی تر هۆنراوەکە گۆی هونەری دەباتەوە، دەبێ شاعیری وریا ئاگای لەوەش بێت کە دەڵێن ناوچەی زۆر ڕووناك لەچامەدا، نابێت لەبەرامبەریا ناوچەی زۆر تاریك هەبێت، چونکە لەو کاتەدا تاریکی و ڕووناکی هاوسەنگ دەبن و لە ئاستی هونەریی

هۆنراوەکە کەم دەبێتەوە، دەبێت لە هۆنراوەی بەبرشت و سەرکەوتوودا بەشێوەیەک ئەو دیمەنانە دابەش بن بەسەر پانتایی چامەکە سیمای دەست کردوو نەساچانی پێوە دیار نەبێت، گەرەکە پەیوەندیەکی ئۆرگانی پتەو نەک بەتەنیا هەموو لایەنەکان شەتەک دا، بەڵکو و لێکدابتوێنەوەو گیانێکی نوێ بکرێتە بەریان ، لە هۆنراوەی (شەوێکی تر) دا هەندێ ناوچە خەرمانەیان داوەو ئەجریوێنن و لوتکەی مەبەستە سەرەکیەکانی شاعیر ئۆقرەی تێدا گرتوون و بوونەتە تیشکۆ (بؤرة) ، ئەم ناوچانەش بەشێوەیەکی هێڵکاری ئەندازیارانەی ئەوتۆ رەخساون کە هێندەی تر هۆنراوەکەیان تەڕو بڕ کردوە، لەسەر دەروازەی هۆنراوەکە چرای دوو بەیت هەڵکراوە و تیشکی گەش دەگرێتە بەیتەکانی بەردەمی:

**دیسانەوە- هاودەردەکەم- وا پێم نایە شەوێکی**

## تر جامی خەمم هەتا لێوە

وشەی (هاودەردەکەم) خۆی لە خۆیدا لە رووی فۆنەتیکەوە پڕە لە هارمۆنیای خەم و وەفا، کامە هاودەرد؟ هاودەردی رێگایەکی هات و نەهاتی پرزە لێبڕاو ! یان هاودەردی مەیی خەست و خۆڵی بیرو مەبەست! خۆ لە پێش (هاودەردەکەم) دا وشەی (دیسانەوە) هاتوە، کەواتای نەپسان و نەرەوینەوەی تەمی خەم و ئیستمراریەتی ژیانی ئەنگوستە چاوە ، بەدوای (هاودەدەکەمدا) دەستەواژەی (واپێم نایە شەوێکی تر) دێت، دیارە مەبەست لەشەو (لیل)(night) نیە، بەڵکوو شەوێکی فراوانتر و ئۆقیانووسیێ:ی ئەنگوستە چاوترە، شەوی هەل و مەرجی لە بارە بۆ گەمارۆدانی تەنانەت تroووسکاییەکیش، شاعیر بەتەمای ئەوە نیە فارگۆنی تەمەنی لەویستگەی هیچ شەوێکی تردا ئۆقرە بگرێ، چیای سەرکەشی ئەو شەوە تارەی شاعیر هێند بلندە کاڵەو پێتاوی

هاموون و داموونی دەوێ و لەوزەی ئەمدا نیـە، دیارە هەست کردن بەبێ وزەییەکەش هێنـدەی تر شەوەکەی لێ دەکەنە شەو.

لەدوای یانزە دێڕ کە لام وابێت هێشـتا تیشـکی گەشـی سـەر دەرگانـەی چامەکـە هـەرماوە، ناوچەیەکی رووناکی تر دێتەکایـەوە، بـەڵام لـە رەنگێکی ترو لە بارێکی کەدا، شاعیر دەڵێت:

**هۆشەمەکەم شەمی دێڕی تێ روانینم**

**منی سەنعان مێزەرەکەمن کرد بە (زوننار) بەلە ئەوەی سەرهەڵبڕێت**

**کەمن چاوم بەچاوت کەوت— چۆن دەتوانم بڵێم من شێخی سەنعانم ؟!**

لـەدوای حـەوت دێـڕە شـیعری تـر دیسـانەوە ناوچەیەکی رووناك و سازگاری تـر لـە هـەرێمی قەسیدەکەدا دێتەبـەرچاو و دڵی خوێنـەرەوەو ئاوڕدانەوەیەکی خێرا هەسـت و نەستی مـرۆڤ رووەو جیهانی چێژی هونـەریی پـاراو و دڵگـیر دەبات:

**هەموو ساڵێ حەقە پەڵە .. داوای شەست و لافاو**
**دەکەم چەمی ئەشکم بێ و سەر بکات**
**چەوی سووری دەردی گرانی عومری خۆم وەدەر**
**بخات**

حەوت هەنگاوی تر (واتە حەوت دێڕی تر) لە کێڵگەی هۆنراوەکەدا دەگوێزینەوەو ئەستوونی دەوارێکی تر ئەچەقێنین، ئەم دەوارە بنکەی مەشق و خۆئامادەکردنە بۆ سوور بوون لەسەر کۆڵنەدان و پێکدا هەڵپڕژان:

**وەکوو (سیزیف) هەر بەتەنها تاشە بەردی نەم**
**خولیایە**
**سەردەم و دەینێمە سەر نەڕی شانم**

دوای ئەوەی فارگۆنی هەستمان هەشت ویستگەی (بەیتە شیعری) تر جێ دەهێڵێ، ئەم جارەیان دوو گلۆپی ئێجگار گەش، نەخێر، دوو خۆر لەبەندەن و نسێی هۆنراوەکە هەڵدێن و هەرێمی سەرجەم هۆنراوەکە دەکەنە

مەشخەڵان و دەتوانم بە لووتکەی هۆنراوەکەی دابنێم :

**من ئەم ( زەردەم ) بێ بم بینە جێگە نوێژی**
**نارامسین بووم چۆڵم مەکە**
**فێری حەوزە ( سەرچاوە ) کەی قەرەداغم**
**قەت ناچاری تەیەمومی خۆڵم مەکە**

بێگومان لەلوتکەوە ئیتر بەرەو بنار دەبینەوەو لەوێ وەك سیماو بۆن و بەرامەی هۆنراوەکە، کە تایبەت بێت بە خاوەنەکەی، دارتێلی چرایەکی گەشی خەرمانەداو سنووری هەرێمی چامەکە دەکێشێ :

**بێ تۆ گوندێکی وێران و بێشکەیەکی بێ منالم**
**بێ تۆ ساوای زدەی دەستی شەولەبان و دایکی هالم**

سەرنجێکی ووردی رەخنەگرانە گەیاندومیەتە ئەو ئەنجامەی کە شاعیر تووشی نامۆبوون بووە، نامۆبووون (الاغتراب) (الاستلاب) دیاردەیەکی ژیانی مرۆڤە گەلێ هۆ دەبێتە سەرهەڵدانی و تەنانەت چارەسەر

کردنەکەشی ڕیژەییەو چوون یەك نیە، بێگومان جیاوازی ڕێبازە فەلسەفی و ئایدلۆژیەکان، سنووری جیاوازیان بۆ هۆو تەنانەت چارەسەری نامۆ بوونی مرۆڤ داناوە (ڕۆسۆ و گۆتەو ئینگلز و شللەر و فیورباخ) هەریەکەو لای خۆیەوە لەم دیاردە نالەبارە دواوەو هۆ وئەنجام و چارەسەرەکەشی دیاری کردوە، دیارە پرۆگرامی ئەم نووسینەم بواری درێژە دانم ناداتێ لەم بوارەدا؛ ئەوەندە نەبێت کە خوێنەر ئاشناکەم بەنامۆ بوون.

نامۆبوون دیاردەیەکی کۆمەلایەتی یە و لە ئەنجامی دابەشکردنی کار لە کۆمەلدا هاتۆتە کایەوە، دیارە جیاوازی کۆمەلایەتی و دابەش بوونی سامان بەشێوەیەکی نارەوا، دەبێتە هۆی لنگەو قووچ بوونی راستی و یاساو دادو ژیانەوە، شتەکان لە سنووری یاسای تایبەتی خۆیان دەردەچن و ژیان لە هەموو بارو دۆخێکدا دەشاوێت و مرۆڤیش وەك هەر

شمەكێ (سلعە) ئاتەڵ و واتەڵی پێ دكرێ و جڵەوی چارەسەری لەدەست بەردەبێ و تووشی نامۆبوون دەبێت، لە هۆنراوەی (شەوێكی تر) دا سێ جۆر نامۆبوون هەست پێ دەكرێت:

١- نامۆبوونی جێگا

٢- نامۆبوونی كات

٣- نامۆبوونی ئەنتۆلۆجی

**١- نامۆبوونی جێگا :**

دیارە مەبەست لە شوێنی ناوهۆنراوەكەیە كە ئەویش رەنگدانەوەی نالەباری ژیانی كۆمەلایەتی و ئابوورییە، كاتێك كە مرۆڤ دووچاری نامۆبوونی جێگا دەبێت ئیتر شوێن و هەواو كەژ و چوارچێوە مەكانیەكەی لێ دەبیێزرێت و وەك لەسەر درك دانیشتبێ زەوی و ئاسمانی لێ دێتەوە یەك، ئەو كاتەی كە مرۆڤ لە شوێن و جێگای خۆی دابڕ ەكرێت دوور دەخرێتەوە، ئیتر هەستی نامۆیەتی لەدڵ

و هۆشیا چەکەرەکە دەکـات، هـەر بۆنموونـە ؛ کـاتێك کـە مرۆڤێکـی فەلەستینی لـەنێو بـاخ و دارستانی زەیتوون و لیمۆو مێرگەکانی حـەیفاو یافـاو جـەلیل دوور دەخرێتـەوو دەفرێنرێتـە وولاتێکـی تـر گریمـان (ئـەوروپا) ، دیـاره بەناچاری تووشی نامۆ بوونی جێگا دێت و ئـەم دیاردەیـەش بمانـەوێ و نەمانـەوێ کاریگەرانـە بـاری دەروونـی و هەڵوێسـت و بـیر تووشـی دۆخێکی نـوێ دەکات، خۆ هـەندێ جاری تـر مـرۆڤ لـەو زەوی و خاکـەی خوێشـیا هەردووچاری نامۆ بوون دەبێت، بەتایبەتی ئەو کاتـەی کەبەرهـەمی هـەوڵ و تەقەللاکـەی دەچێتـە گیرفـانی کەسـانی تـرەوە، ئـەم هۆنراوەیە وەك وتم لێو ڕێژە لەنامۆبوون لەگەڵ مـەوداو کووچـەو پانتـایی ژیـاندا، نـامۆبوون لـەدێرەوە کالایەکـەو بـەبالای ئـەم ڕۆژهەلاتـە بڕاوە، نـامۆ بـوون نەخشـی تـەوێڵی گـەڵ بەرهەم و قۆناخی پڕ لەهەڵەتی ئەم هەرێمەیـە،

حەسیب قەرەداخیش وەك نەوای ئاوازێکی نامۆ بوون لەگوێچەکەی دڵماندا دەنگ دەداتەوە ، خەیاڵی شاعیر هەتا وەك هەڵۆیەکی بەرزە فرو دووره دەست خۆی بنوێنێ هێشتا هەر زادەی واقیعەو ئازوقەو رەنگ و هێڵ و سێبەر و... هەر لەو واقیعەوە وەردەگرێ و لەدواجاردا هەر دەبێتەوە پابەندی دەوروبەر، بۆ؟ چونکە ئەوەی کە خەیاڵەکە دروست دەکات و رێکی دەخات مێشکە، مێشکیش خۆی مادەیە، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە ئەوتوخمانەی کە خەیاڵ تابلۆو وێنەو روداوی لێ دروست دەکات ئازووقەی واقیعەو گرنگی شاعیر لەم بوارەدا دەردەکەوێت: -

١- رێك خستن و ساچاندنی ئەو توخمانەیە لە دیمەنێکی شیاودا.

٢- هێنانەدی جۆرە تابلۆیەك کەهەرچەندە دیاریش نەبێت لەزەمینەی واقیعدا، بەڵام

دەشێت لەو جۆرە هەبێت و گرنگی شاعیریش لە گەڕان و دۆزینەوەی دایە.

٣- هێنانە کایەی بابەتێک کە ئاڵ و گۆڕی کات و جێگا کاڵی نەکاتەوەو بەدرەوشاوەیی لە ئاسەواری ژیاندا هێژاو مەزن بێت.

ئێستا بەشێک لەم تەرزە نامۆبوونە لەم چامەیەدا دەست نیشان دەکەم:

**من ئەو ( زەردە )م بێ بمینە جێگە نوێژی**
**نارامسین بووم**
**چۆڵم مەکە**
**فێری حەوزی ( سەرچاوە ) کەی قەرەداخم**
**قەت ناچاری تەیەموومی خۆڵم مەکە**

شار شاری ·شەمە) ، هەست و خولیاکانی تەنانەت لە پریاسکەی دڵێشیا خۆیان شاردۆتەوە ، کەچی بەو حاڵەشەوە نەک لەماڵ

بێزارکراوە بەتەنیا، بەڵکو ئاشنابوونەوەی بەهەواری (جێگا)، واتە ماڵەکەی ملی لەپەت نزیك دەکاتەوە:

**ئەی شەمەکەم مەیەو مەچۆ**

**باشەو لەبانی شەوی شار نەتداتەوە**

**هەر هیچ نەبێت تۆ بمێنە وەکوو مۆمی بۆ دەرەکان**

**لە کۆچەرێی کۆچەریدا هێندە دەرە هەڵکەنراوە**

**بێ شەوقی شەم رێ دەرناکەن**

باخوێنەر ئاگای لەوەش بێت کەنامۆبوون دوو جۆرە:

یەکێکیان رەفزێکی بێ سەروو بەری (سەلبی) واقیعەو قایل نەبوونە بەدیاردە ناشایستەکانی، کە دەشێت لەهەندێ قۆناخدا هەر بەجۆرێك لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی دابنرێت.

دووەمیان، رەفزێکی هۆشیارانەی یاسا نەساچاوو نالەبارەکانە، واتە لەگەڵ رەفزەکەشدا چارەسەرێکی مەنتیقی

دەدۆزێتەوە، دیارە ئەم جۆرەی دووەم لە شیعرا نارسکێ، چونکە بابەتی شیعر ڕێگا بەچارەسەر نادا، لەهەندێ شوێنی چامەکەدا دووسێ جۆر نامۆبوون هەست پێ دەکرێت، هەربۆیە ناوی (نامۆبوونی گشتی) م بۆ هەڵبژارد، ئێستا لەپ دەخەمە سەر برینی ئەو بەیتانەی کە خوێنی نامۆ یوونیان لێ دەتکێ، خوێنێک کەدەشێت تەنانەت خرۆکە کانیشی نامۆ بن بەیەکتری و لەکێشەیەکی نەپساودا زۆرانبازی بکەن، شاعیر دەڵێت:

**ژیانی من چامەکە بەسەریەکدا تێك شکاوە**
**سەرخۆشیش بم دێر بەدێریم بیر خەرەوە**
**وەك رەخنە سازگرێکانم بۆ واز بکە**
**هێماکانی هەڵبەرەوە**

ئەگەر (من)ە کە خۆی بێت یان هەر خەڵکانێ! هەرتێك شکاوو پەتیارەو نامۆیە، دڵەڕاوکێ

(قلق) و سەراسیمەبوون خۆی لە خۆیدا هێندەی تر هەوری نامۆبوون بەسەر ئاسمانی دڵیەوە تێك دەچرژێنێ؟ دیارە هێشتا ئەنجامی گەیشتن لە دەروونی شاعیردا سەوز نەبوەو ئاگری (قلق) کە خۆی لە خۆیدا دینە مۆی داهێنانی شاعیری ئەم سەردەمەیە، بەردەبێتە گەلای پرسیارەکان و دەبنە کۆڵوو، لە شوێنێکی تردا لە ئاست شەمەکەیدا تووشی جۆرە نامۆبوونێك دەبێت و بچووك دەبێتەوە:

**باشە ئاخر تۆ پرسیوتە من لە کێشی ئەم بارەدام**

**یان دەڵێت:**

**درەختێکم بێ سەیرکە**

**ئاخۆ چۆن چۆنی رواوم**

**ئاخۆ سایەم کەڵکی هەیە لەڕێگەتا ببمە سایەت**

**لە ئینجیلی بەرباخەڵتا دەشێ منیش ببمە ئایەت**

سەیری پەنجەی ئەم پرسیارانەکە چۆن رچیوە بە ئەڵقە ریزی دڵی شەم و مێژوو شارستانیەتەوە؟ پرسیارەکان خۆیان لە

خۆیاندا دەرزی ئاژنن بەدڵە راوکی بەرامبەر بەچارەنووسی خولیاکانی شاعیر، دڵە راوکێی دامێنان و هەست بەبەرسیاریێتی کردن بەرامبەر بەدوا ڕۆژی ویستەکانی ئینسانی کوردوەك هەر مرۆڤێکی ئەم سەر زەمینە:

**ئەی تۆ هاتووی ماڵۆچکەکانی دڵێی من شەخڵ**
**بکەی بیان پێوی**
**ئاخۆ ئەم عیشقەی تۆ دەگرن**
**بەچکەکەوی شیعرەکانم دەستەمۆکەی**
**ئاخۆ دەژین یاخود ئەمرن؟**

***

لەوانەیە خوێنەری ئاسایی کەچامەی (شەوێکی تر) دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات کە پەخشانە شیعرەو هیچی تر، بەڵام کاتێك لەشەن و کەوی رەخنەی هونەری دەدەین، زوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەخاوەنەکەی مامەڵەیەکی هۆشیارانەی کردوە لەگەڵ رەوتی کێش و سەروادا، تەوەرەی سەرەکی کێش لە

چامەی (شەوێکی تر) دا بریتی‌یە لە ٢٤ برگە (مقطع) کەبەسەر (شەش) کەرت دا دابەش دەبێت، واتە هەر کەرتەی (تفعیلة) بریتی‌یە لەچوار دەنگ.

هەر بۆ نموونە دێڕی یەکەم بریتی‌یە لە (٢٠) بیست بڕگە، دێڕی دوای ئەو (٨) بڕگە، دێڕی سێهەم (٢٤) بڕگە، دێڕی چوارەم (٢٠) بڕگە دێری پێنجەم و شەشەم (١٢) بڕگە، دێڕی حەوتەم (٨) بڕگە، کەواتە تەوەری سەرەکی لەم هۆنراوەیەدا چوار دەنگە، ئیتر ئەم تەفعیلەی چواریە لەسەرجەم هۆنراوەکەدا خۆی دەنوێنێ. لەڕووی سەرواشەوە وەك هەر هۆنراوەیەکی نوێی سەرکەوتوو داب و نەرێتی قافیە سازی خۆی بەرنەداوە، بەڵام لە شێوەی جودا جودادا، دەبینین پێنج دێڕی یەکەم و دێڕێکی دواتریش بە (و) کۆتایی هاتوە، دوای ئەمە قافیەی (م) دەست پێ دەکات و ..هتد.

ئەوەی شیاوی وتنە هیچ جۆرە زۆر لەخۆکردن

(تكلف) و ماندوو بوونێك به قافیەکانەوە دەرناکەوێ، خۆ لەوانەشە شاعیر ئەزیەتی خۆی دابێت هەتا هۆنراوەکەی فەراهەم هێناوە، گرنگ ئەو وریایی و وەستایەتیەیە کەماندوو بونەکە لەچوار چێوەی زۆر لەخۆکردندا وەدەرنەخات، چونکە شیعر نووسین چەند بەهرەو خورپەو راچەنینی دەوێت، هێندەش وەستایەتی و ووردەکاری و سەنعەتکاری دەوێت، شاعیری ئەم سەردەمەش گەرەکە قایل نەبێ بەو بەهرە خۆرسکەی ، گەرەکە ئەو بەهرەیە شەقڵ کات بەرۆشنبیریەکی شیعرییقووڵ و فراوان.

من هەردەم دژی ئەو رایانەم کە هەندێك دەڵێن نابێت لەرەخنەدا بوترێت (دەبوو وابوایە) یان (خۆزگە وادەبوو) ، بۆ نابێت؟ ئەگەر رەخنەگر وەك (ستانلی هایمن) دەڵێت (ئەندازیاری چاوتیژی خانووبەرەی رستەو وشەو پیت بێت) دیارە لەو بارەدا دەبێت نەك لە خەڵکانی تر

زیاتر چێژ لەواتاو جوانی هۆنراوەکە وەربگرێـت بەتـەنیا، بـەڵکوو هەستیش بەکـــەم و کـــووڕی لایەنە لاوازەکان بکات، لـەو حاڵەتـەدا گەرەکـە کەم تابێشــێ باری سـەرنجی خۆی دەربـڕێ و وەك توخمی داهێنانێکی نوێ لەسـەر ئـەو دارو بـارە نـەگونجاوە چـەند راو بۆچونێکـی تـازە بنیات بنێت، واتە رەخنەکـە دەبێتـە (داهێنـان لەسـەر داهێنـان) یـان بـە واتایـەکی تـر لـەم بوارەدا کێشـەیەکی تونـدی نێوان بنیـات نـانو رووخان دێتە کایەوە، دیـارە دەوری رەخنـەگر داهێنان و بنیات نانی نوێـیـە لەسـەر داروبـاری کوختـــەی بەرهەمـــە نەســـاچاوەکان جگــــە لەهـەوڵدان بـۆ داهێنـان، ئـەم هـەموو هـەوڵ و کۆششـەی رەخنـەگر جگـە لەهـــەوڵدان بـــۆ داهێنـــان دەبێـت کـەم تابێشـە گـوڕ بداتــە بەرگیانی داهێنەرانەی شاعیر ، نەك بۆ ئـەوەی شـاعیر بەتـەنیا لەهـەندێ بۆچوونـی خـۆی پاشـگەز دەبێتـەوە، بـەڵکو لـە هۆنراوەکـانی

داهاتوویدا ئەو لایەنانە بەگرنگ زانیّ و بەرهەمەکانی پیّ بخەملّیّنیّ، ئەمە جگە لەمشت و مالّ کردن و زاخاو دانی هەستی خویّنەر بەچیّژی بەرهەمی رەسەن و خولّقاندنی هوشیاری جیاکردنەوەی بەرهەمی سەرکەوتوو لە ناسەرکەوتوودا. لەم بنەما رەخنەییەوە هەندیّ رای تایبەت بەرامبەر بە چۆنیەتی دیّرە شیعرەکان و رادەی ساچانیان دەردەبڕم. شاعیر دەلّیّت (وەك رەخنە ساز گریّ کانیم بۆ واز بکە) من دەلّیّم ئەگەر شاعیر بیەویّ ئیقاعی ناوەوەی دیّرەکە بەهیّز و سوارتر بیّت و جۆرە هامرۆنیایەك بگریّتە خۆی دەبیّت بلّیّ:

(وەك رەخنە سازگریّ کانیم بۆ بکەوان)، واتە قافیەی ناوەوە دیّتە کایەوە لەنیّوان (ساز-وان) دا ، شاعیر دەلّیّت (درەختیّکم بیّ سەیر بکە)، ئەگەر بیوتایە (درەختیّکم بیّ سەیرکە) سوارتر دەبوو، یان بیوتایە (درەختیّکم بنوارە

بۆم) ، کەئەمەیان بەهێزترە، نەك لەبەرئەوەی کە ئەمیش هەشت برگەیەو لەگەڵ ڕێبازی سەرەکی چامەکەدا دەڕوات بەتەنیا، بەڵکوو ئیقاعی ناوەوەی خۆشتر دەبێت، بەتایبەتی جۆرە ئالوودەییەکی مۆزیکی لەنێوان پیتی (م) لەهەردوو تەفعیلەی (درەختێکم) (بنوارە بۆم) دروست دەبێت.

شاعیر دەڵێت ( من ئەو زەردەم بێ بمبینە جێگە نوێژی نارامسین بووم) ئەگەر شاعیر بیوتایە (نارامسینم) گەلێ بەهێزتردەبوو، چونکە لە (نارامسین بووم) دا دەس بەردار بوون و ساردبوونەوەو واز لێ هێنان دەردەکەوێ، بێگومان شاعیر نایەوێت وابێ، بەڵام ڕستەکە هەرئەوە ئەدات بەدەستەوە، واتەویستی شاعیر و شێوەی دەربڕینەکە بەدوو هێڵی دژدا دەڕۆن ، بەڵام لە (نارامسینم) دا درێژەدان (أستمراریه) و سوور بوون خۆی دەنوێنێ. شاعیر دەڵێت( قەت ناچاری

تەیەمومی خۆڵم مەکە) ، تەیەموم هەر بە خۆڵ و تۆز دەکرێت، کەواتە (خۆڵەکە) زیادەیە، گەرەکە شاعیر هەردەم ئاگای لە چڕ (تکثیف) کردن بێت، واتە ووشە بەفیڕۆ نەدات، خۆ ئەگەر بیووتایە (قەت ناچاری تەیەمومی سارام مەکە) رەخساو تر دەبوو. شاعیر دەڵێت( لە کۆچەڕیی کۆچەریدا) دووجار گۆکردنی ووشەی (کۆچ) بەسەریەکەوە جۆرە دان ئاڵ بوونەوەیەکی تێدایە، هەروەها دەڵێت: (ئاخۆ سایەم کەڵکی هەیە لەڕێگەتا ببمە سایەت) سەبارەت بەم رستەیە دوو تێبینم هەیە:

یەکەمین: بەکارهێنانی (سایە) لەیەك دێڕداو بەیەك واتاش جۆرە شاشی و زوشتی‌یەکی تێدایە.

دووەمین: (بەڕێگەتا ببمە سات) ئێجگار ناخۆشەو چێژی هونەری پێی قایل نابێت، ئینجا بۆ قوتار بوون لە هەردوو لاوازیەکە

ئەگەر بوترێت (ئاخۆ کەڵکی ئەوەم هەیە لەرێ و بانا ببمەسایەت) یان هە ر چیەکی تر .. ، چونکە بەکارهێنانی (تا) لە (ڕێگەتا) وە (لە سایەت) کەڕاناوی کەسی دووەمە و بە سەریەکەوە ناگونجێت، ەبەتایبەتی لە هۆنراوەی بەهێزدا ، یەکێ لە سیفاتەکانی چامەی (شەوێکی تر) وەك لەسەرەتادا ووتم خورِی و ڕەوانی و دوور لە خۆکردن و راستگۆیی هونەریە جگە لەوەش شاعیر وەك هەندێ شاعیری تازە! تووشی نەزیفی تابلۆی هونەری نەبووە، واتە نەهاتووە نامەئلوف و پڕ لەتەم و مژ تێك چڕژێنێ و خوێنەر سەراسیمە بکات، خۆ لەلایەکی ترەوە هێندە بەخێرایی خۆی نەداوە بەدەستەوە هەتا لێی بێ دەنگ بم، ئەو خوازەو لێك چواندنانە (التشبیە و الاستعارە)ی بەکاریهێناون لەرووی ستاتیکای رەوان بێژیەوە بەسەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن، چونکە بە پلەی یەکەم ئیجا بەخشن و دوورن

لە راستەوخۆیی و شتی جووراوەی خەڵکانی تر، هەر بۆ نموونە (شاعیر) ی لێک چواندوە بە(ژێ) دیارە ژێش دروستکەری دەنگ و ئاواز و ساز و هارمۆنیای ژیانە، ژێ ئەگەر دەنگەکەی رەوا بێت دوای پسان و تەنانەت قرتاندنیشی، ئاوازەکەی لە گوێچکەی مێژوودا دەزرنگێتەوە و هەتا هەتایە کپ بوونی نیە.

شاعیر دەڵێت:

**چەمی ئەشکم بێ و سەربکات**

**چەوی سووری دەردی گرانی عومری خۆم وەدەربخات**

ئەوەی لەم تابلۆیەدا ئیحا بەخشە، بەتەنیا چەمی فرمێسکی سەرکردوی شاعیر نیە، بەڵکوو چەوی سوورە، چەوی دەردی گران و ئازاری خەست و تەمەنێکی ئاژنراوە بەدەرزی خەم و فرمێسک و خاکە ساری و لەگەڵ هەمووشیاندا شەرەفمەندانە شاعیر دەڵێت (ووتم هەرچی ژنە کوردە بلێ بەخەنجەر

دووگیانم) مەبەست لە دووگیان (ئاوس بوون) یان (سك پڕبوون)ە، دیارە لای شاعیر گەرەکە ئافرەت بەخەنجەردووگیان بێت، خەنجەرێ کەرەفزی کێلان بکات و هەردەم لەفرسەتدا بێت بۆ دوژمنانی راستی و شیعروونان و سەربەستی ، هەروەها شاعیر دەڵێت:

**بێ تۆ گوندێکی وێران و بێشەیەکی بێ منانڵم**

شاعیر ، یان (وەلی دێوانە)، بێ (شەم) لێکچوێنراوە بە گوندێکی وێران و بێشکەیەکی بێ مندالّ، کە ئەم دوو دیمەنە دزێو ز نالەبارە رەمزی ئاوابوونی خۆری شارستانیەت و هەڵبزرکانی دیمەنی شیرینی مرۆڤایەتی و کپ کردنی ئاوازە ئەرخەوانیەکانی سروشتە.

***

ئێستا با وەلامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کەلەسەرەتادا وروژاندم و وەلامەکەیم دواخست، ئایا یەکیەتیەکی ئۆرگانی (الوحدة العضوية) لە چامەی (شەوێکی تر) دا هاتۆتە

٣- ئەم کزی مرۆڤە لە ئاست گورپو توانای کاتیی دەوروبەردا شاعیری بەیەکجاری نەکردۆتە پابەندی واقیع، بەڵکوو جارە ناجاریٚ تیرازی هیوایەکی ئەرخەوانی گەش خانەکانی دڵ و دەروونی روناك کردۆتەوەو پێی ناوەتە ئەودیو سنووری دەستمۆبوون. وەك دێرەکانی ١٨،٣٣،٣٦،٥٠،٦٣.

٤- گرنگی دان بەبەهای شیعر لەرەوتی ژیانی ئەم سەردەمەدا ، بەتایبەتی شیعرێك کەلێورێژبێت لەهەڵوێست بەرامبەر بەهەموو بوارەکانی ژیانی ئەم سەردەمەی کورد وەك دێرەکانی (٢٩-٣٠-٥٤-٥٥) دیارە شاعیر تەنانەت ژیانە تایبەتیەکەشی تەرخان کردوە بۆ مەسەلەی شیعرو گرنگی بایەخەکەی.

٥- تێکەڵ کردنی هەندێ هەست و سۆز و خورپەو راچەنینی ئەوین و خۆشەویستی و خەمی تایبەتی بەچەمی سەرکردوی خەمە گشتی‌یە مەزنەکان.

# شاعیرێتی نالی و مەحوی
## لەنێوان سەرامەدێتی و
## بەخشین و وەرگرتندا

مێژووی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانیا بریتی‌یە لە داهێنان و بەخشین و وەرگرتن، دیارە ئەو نەتەوەیەی کە پلەو رادەی بەخشینی بەرفراوان و گەشتر بێت لە وەرگرتنەکەی لە رووی چەندێتی و چۆنیێتی‌یەوە، ئەوە پتر هاوبەشیی دەکات لە ئەدەبی جیهانیدا، نەتەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینە، بەگوێرەی بوون و قەوارەی تایبەتی خۆی نالەباری ئەو دۆخە تۆپۆگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەی، کەم تا زۆر هاوبەشیەکی ئازایانەی کردوە لە جیهانی ئەدەبدا بەتایبەتی هۆنراوە، شاعیری وەك نالی و کوردی و سالم و مەولەوی و خانی و گۆران و ئەگەر لە ئاست گۆتە و شیلەر و بایرۆن و هەمزاتۆف و جاك بریڤەر و موتەنەبی و سەعدی‌دا نەبن، ئەوە هەر کەمتر نین.

بەخشین و وەرگرتن و کارتێکردن و بەراورد لەنێوان ئەدەبی دوو نەتەوەدا دەشێت بخرێتە خانەی ئەدەبی بەراوردەوە، بەڵام من پرۆگرامی ئەم نووسینەم بە بارێکی تردا دەکەوێتەوە وەل جوغزی ئەدەبی بەراوردی هەردوو قوتابخانەی ئەمریکی و فەرەنسی دەردەچێت.

دەمەوێت لێرەدا چەند تیشکێکی گەش بخەمە سەر ئاستی هەندێك لایەن لە شاعیرێتی نالی و مەحوی و رادەی کارتێکردنی نالی لە هۆنراوە و تاقیکردنەوەکانی مەحوی و رەنگدانەوەی ئەم کارتێکرنە لە بیرو خەیاڵ و

تابلۆکانی شاعیردا، بێگومان بابەتەکەو ڕۆژێنەرو لە هەمان کاتیشدا سەریەگێچەڵەو ئاویش زۆر دەبات، گرنگ ئەوەیە من وەك ئەرکێکی ئەدەبی ڕەنگی پرۆژەکە دەڕێژم و قووڵ بونەوە و پەل و پۆ هاویشتن و سەرخستنی لایەنەکانی دەخەمە ئەستۆی نەوەکانی داهاتوومانەوە.

ئایا چ شاعیرێك سەرامەد بوو لە وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە زمانی ئەو سەردەمەدا؟ کێ بوو زمانی شیرینی کوردی سەر بە دیالێکتی سۆرانی گرتە ئامێز و وەك کۆرپەیەکی نەوازە هێند لە سنگی توند کرد هەتا لەنێو شادەمار و ئێسك و پروسکیا توایەوە؟ دیارە نالی مەزن بوو، نالی وەستاو سەرامەد، توانی زمانی دلۆڤانی کوردی بکاتە ویردو لە قۆناغی قسەو وت و وێژی سادەی خەڵکەوە قەڵەمبازی پێبداتە قۆناغی سەر تەڵ ترین هۆنراوە، هۆنراوەیەك کە شان بدات لە شانی نەك هۆنراوەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتە بەتەنیا، بەڵکو هەموو جیهانیش! نالی ئەم شەقاوە گورج و درێژەی کۆڵەکەیەکی قەف ئەستووری خستە ژێر ڕەشماڵی هەست و بوون و قەوارەی نەتەوەیمانەوە، ئەگەر شکسپیر جگە لە داهێنانەکانی - ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکی دیبێ لە کۆکردنەوەی لەهجات و خەملاندنی زمانی یەکگرتووی ئینگلیزیدا دیارە نالیش نەك هەمان دەوری بینیوە بەتەنیا بەڵکو گرنگ تریش چونکە ئەم زمانی ئاخاوتنی ڕەشە خەڵکی گواستۆتەوە بۆ جیهانی هۆشمەندێتی هۆنراوەی

کلاسیکی، با ئەوەش نەبوێرین کە سالم و کوردی و مەحوی و حەمدی ساحێبقران و حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزا هێندەی تر سێبەری ئەمامی دەست نێژی نالیان خەست و کەڕتر کرد و نەوەکانی داهاتوویان لە دووڕیانی زمانی ئەم و ئەو دەربازکردوو زمانی شیرینی کوردیان کردە توێشوی سەفەری ژیانی ئەدەبی داهاتوومان.

ئەگەر شاعیرێتی بریتی بێت لە وزەی تایبەت و ڕۆشنبیری خەست و زیرەکی و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەند و بەهرەی گەورە و بیرەوەری تیژ و سەلیقەی خۆڕسك و دەستەلاتی ڕەها بەسەر هونەرو جوانی و چۆنێتی داڕشتنی زماندا، دیارە شاعیری بەتوانا دەبێت ئەم ڕەوشتانەی بە زەقی تێدا ڕەنگ بداتەوە، چونکە نەبوونی لایەنێك یان دوان لەم لایەنانە ترازووی شاعیرێتەکە نەوی دەکات و کێشەکە تێك دەدات. لەبەر کەی دەرفەت ناتوانم بۆ هەموو ئەم توخمانە نموونە بۆ نالی و مەحوی بهێنمەوە و لەو نێوانەوە دەست نیشانی ئاستی شاعیرێتی مەحوی و نالی بکەم، ئەوەی کە نووکی قەڵەمەکەی تێوەردەدەم هەردوو لایەنە و لایەنەکانی تریشی بۆ وتارێکی دی هەڵدەگرم، دوو لایەنەکەش:

یەکەمین: بەهرەی شاعیرێتی وەك وزەیەکی خۆڕسکی تایبەت

دووەمین: لایەنەکانی کارتێکردن و خۆجوینەوە.

نالی خاوەنی بەهرەیەکی خۆرسکی ئێجگار درەوشاوەبووە، هەرگیز خوێنەر لە هۆنراوەکانیا هەست بە بۆشایی نێوان شێوە و ناوەرۆك ناکات، هەر مەبەست و بابەتێك کە ویستبێتی و خەیاڵی وروژاندبێت توانیبێتی بە سانایی بیخاتە چوارچێوەی هەڵبەستەکانیەوە، یان بە واتایەکی تر هەرگیز هەست بە کەلێنی نێوان ویست و خولیاکانی و چۆنێتی دەربڕینیان ناکرێت، واتە هەرگیز دانەماوە لەبەردەم پەری خەیاڵی شیعرانە و چی ویستبێت نەخشاندوێتی، تەنانەت ئەو هەموو هونەرە بەلاغی و وشە ئارامیەی (بدیع) وەك (جیناس و طباق و توریە و کنایە و حسن التعلیل ... الخ) کە لە هۆنراوەکانیا رەنگی داوتەوە هەرگیز لە خوێنەری دانەبڕیوە، چونکە وەك دەزانین هونەرەکانی وشە ئارایی (بدیع) بەو خەست و خۆڵیە لە هۆنراوەدا پێویستی بە خۆماندووکردن و ئەزیەت دانێکی فرەوە دەوێت و هەر لەخۆیەوە ناخەملێت بەڵام لای (نالی) بە جۆرێك دەربڕاوە کە هەرگیز هەست بە خۆئەزیت دان ناکرێت و خوێنەریش وادەزانێت هەر لەخۆوە هاتوە و وەك تافی زەڵم و سیروان خۆی دەدات بە هەردەی دڵداو ئاوازی هۆنراوەی نەمر دەگەێنێتە گوێی گەردوون، جگە لەوەش ئەو چوارچێوە تەنگەبەر و گۆڕەوشار ئاسایەی مەڕ کێش و سەروای کلاسیك ناچاری نەکردووە بە هەندێ خەوشی قافیە و هەڵەی زمانی و رێزمانی و پاش و پێش خستنی فۆرم بە پلەیەك کە

خوێنـەر چەواشـەكات مەگـەر جارە ناجارە نـەبێت، دیارە ئـەم دیاردانـە هەموو بەڵگەی بەهرەی شاعیریەتیەكی لە بن نـەهاتوو دەوڵەمـەندن، دەبا بزانین ئەم دیاردەی شاعیریەتە لای مەحوی بەم شێوەیە رەنگ دەداتـەوە یان نا؟!

بەرلـە هەركـەس با هانــە بەرینــە بــەر خوالێخـۆش بـوو مامۆسـتا عەلائەدین سجادی و مێژووی ئەدەبی كوردی مامۆستا عەلائـەدین سجادی سەبارەت بە هــەندێ هۆنـراوەی مـەحوی دەڵێـت:[1] نـازانم مـەحوی چی ناچاری كردۆتە سەر ئەوە كە بەم جۆرە عەزیەتی خۆی بدا بۆئـەوە شیعر دابنێ، ئایا شیعر دەنگێكـی نهێنی نیـە كـە تـەلی عاتیفـە ئـەبزوێنێ؟ ئایا شیعر دەوارێكی ئاوریشم نیە كە لە لالەزاری گێتـیـدا هەڵئـەدرێ بۆ ئـەوە پیاو لە سێبەریا خـۆی لـە گـەرما و سـەرما حەشار بدات و لـە بنیـا دڵ و دیدەی بە بۆن و دیمەنی گوڵاڵەی رەنگاوڕەنگ بگەشێنێتەوە؟ بەڵێ شـیعر ئەمانەیە بەڵام وەختێ ئەمانەیە كە بەجۆرێ بوتری پیاو لێی تێبگـا) واتـە بەهرەی شاعیرێتی‌یەكەی داكشاوترە لـە مەبەست و وزەی بیری، كەواتـە مـەحوی پـتر شاعیرێكی (كەسبی) یـە و نـالیش شـاعیرێكی وەهبی‌یـە. ئێستا بۆ سەلماندنی راكـەی سەجادی من چەند نموونەیـەك دەهێنمـەوە لـەو خۆئەزیـەت دانــە و تەنانــەت دووچـاری گەلــێ سەرئێشــە بـووە، هەرچەندە ئێمە چەمكی (ئەوەی بۆ شاعیر دەسـت دەدا بۆ هـەموو كـەس

دەست نادا) مان هەیە بەلام نابێت شاعیریش هێند دەستووری زمان و شیعر و خوێنەریش ئەزێت بدات، کە لای مامۆستا مەسعود محەمەد ئەو ئوسلوویە سەبکی هیندی نیە، بەڵکو[٢] (سەبکی مەحوی) یە واتە تایبەتە بە خودی خۆیەوە، ئێستا ئێوە و بڕێك لەم لادانانە:

مەحوی دەڵێت:

(٣) کە دایەی خاکت هەر دەبێ بگرێتە باوەش خۆی

بکە خاکێ بەسەر خۆتا لە قاپی (بوتراب) ی زوو

(بتگرێتە) ی کردووە بە (بگرێت) واتە راناوی کەسی دووەمی فڕیداوە کە (ت) کەیە (باوەشی) کردووە بە ·باوەش) (دایکی) کردووە بە (دایە)، (خاکی بکە بەسەر خۆتا) ی کردووە بە (بکە خاکی).

هەروەها دەڵێت:

٠٤) بە سووتن چیم گلەم نەبووە لە دەردی سەردی میهری تۆ

من و شەکوە وتی گوێناگرم لەم فیتنە هەڵبەستە

(گلەیم) ی کردووە بە (گلەم)، ساردی کردووە بە (سەرد) (میهری ساردی) کردووە بە (سەردی میهر) چونکە لە کوردیدا سیفەت پێش موصوف ناکەوێ خۆ ئەگەر هەندێ جار پێش کەوێت ئەوا پێویستمان بەو (ی) نیە چونکە دەیکاتە پاشگر و پێشگر بۆ نموونە، نێرە قەل،

زڕەخـەون، زرتـەبۆز دە ئەگـەر بـەم پێوانەیـە بێت دەبێ مـەحوی بڵێـت (سەردە میهر)

هەروەها دەڵێ:

(٥) بڕوانە سووتنم، وەر بڕواکە من نەمام

پەروانەم ئیترم نییە پەروا کە من نەمام

لەجیاتی (ئیتر نیمە) وتویەتی (ئیـترم نیـیە)، جگـە لـەوەش دووجـار وشەی (نەمام) ی بەکارهێناوە بـا ئـەوەش بزانرێت کـە ئەمـە (رد الصـدر علی العجز) نیە و، لە مەرجەکانی شیعری (مصرع) دا بە لاواز دادەنرێت:

هەروەها دەڵێت:

ئەو سەروی نازە تەوسەنی هێنایە تازوتەك

هەستا قیامەت و مەلەك ئەستونیە گەرەك

لـەجیاتی (ئەستۆنی گەرەکـە) وتویـەتی (ئەسـتۆنیە گـەرەك) دیـارە قافیە ئەمەی پێکردوە.

هەروەها دەڵێت:

(٧) کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ بەری دەکا

هەر صاحیبە لەبەرکەری کالآیی بی رەواج

دەبوایە بیوتایە (لەبەری دەکا) بەڵام لەبەر لەنگەری کێشەکە (لـە) ی قرتاندووە.

هەروەها دەفەرموێت:

(٨) لە غەمزی چاوت ئەبرۆ داگرە و بەس

مەکە بۆ قەتڵی عاشق رەنجە بازووت

تکایە با خوێنەر چەند جارێ نیوەی دوەمی بەیتەکە بخوێنێتەوە بزانێ هیچ حاڵی دەبێت!؟ وشەی (بازووت) لەبەر قافیەی دوابڕاو خراوەتە ئەوسەر دەبوایە بیووتایە (بۆ قەتڵی عاشق بازووت رەنجەمەکە)

هەروەها دەفەرموێت:

(٩) غەنیمەتە بەدەم و دەستی بگرە دامەنی دۆست

لە دەستی خۆتی مەدە داویە خودا تا دەست

لە جیاتی (تا خودا داوێتی دەس) وتوویەتی: (داویە خودا تا دەست) دیارە مەسەلە قافیە راست کردنەوەیە و هیچی کە!!

ئەوەی شیاوی باسە مەحوی زۆربەی لە کێشە درێژەکاندا دووچاری ئەم هەناسەسواریە بووە لە لایەکی ترەوە مەحوی وەك خۆتاقیکردنەوە ویستویەتی هەموو پیتەکان بکا بە قافیەی هۆنراوەکانی، دیارە هەندێ لەو پیتانە (بەتەنیا یان لەگەڵ چۆنێتی پیتەکانی پێش خۆی قورسن و دووچاری ئەو هەڵانەی دەکەن، لەپ خستنە سەر ئەم لایەنانەی کە روونم کردنەوە ئەوە دەسەلمێنن کە مەحوی لەگەڵ ئەم گەورەییەدا لە دوورێیانی کەم دەرفەتی وزەی شاعیریەت و مەبەست و خواستی قووڵ و

بەهێزدا وەستاوە و تیا راماوە، یان ئەوەتا خۆی تووشی زۆر لەخۆکردن و گوێ نەدانە هەندێ مەسەلەی رێزمانی و زمانەوانی دەکات یان ئەوەتا کارەکەی بۆ نارسکێ، تەنانەت خودی مەحوی فەلسەفە تایبەتییەکەی لە ژیاندا گوێ نەدانە بە رواڵەت و شێوەکاری و فۆرمالیزم لە بەرامبەر ئەمانەشدا گرنگییەکی فرەی داوە بە گەوهەر و ناوەرۆک، واتە مەحوی ئەهلی مەعنایە نەك مەبنا، ئەوەتانێ خۆشی لەم هۆنراوەیەدا داکۆکی لەم رێبازە دەکات و دەفەرموێت:

سەر کە جۆشێکی نەبێ من زرکە تالم بۆچی‌یە [١٠]
دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆچی‌یە
دەردوو داخێکی دەروونی گەر نەبێ با رەنگ و بۆ
سیس و موغبەر بێ کە ماڵم بوو جەماڵم بۆچی‌یە

با گوێگری ئازیز ئەوەش بزانێت کە مەحوی مەزن شاعیرێکی گەورەی نەتەوەکەمانە و جێگایەکی تایبەتیشی هەیە لە رێبازی ئەدەبی کلاسیکدا هەر ئەم گەورییەییەشیەتی کە وای لە سالم و حەمدی کردووە کە بەرێزەوە بەسەری بکەنەوە، بەڵام لەو بەسەرکردنەوەیەشدا هەرنالی پێش مەحوی خراوە سالم دەڵێت:

لەلایەك نالی و مەشوی لەلایەك سالم و کوردی [١١]
لە هەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆبوون لە مەولانا

له مەیدانی بەلاغەتدا بە سواری مەرکەبی مضمون

به کوردی هەر یەکە نازی سواری بوون لە بابانا

کە نالی تەوسەنی طبعی بە تەرزی گەرم جەستەن بوو

بە چەو گانی خێرەدگۆیی دانشی دەرکرد لە مەیدانا

کە رەختی رامی هاتە سەر میقراضەکەی تعلیم

رکابی پایی بۆ سی سالم مەشوی لە دەورانا

هەمدیس سەبارەت بە هەمان بە بالآبڕین و (مفاضلة). دەڵێت:

خەرمانی لەفظی کوردی کە (کوردی) کردی پێوان[12]

(نالی) کە نالی کاسەیەکی دا بەویش لێوان

تاراجی کرد بە مەحوییە فەندی بە لوطفی خۆی

عوشریشی دا بە (حەمدی) وتی بیبە بەر دیوان

له مەیدانی دیراساتی تەرخان کراو لەمەڕ لایەنەکانی (دزی ئەدەبی، کارتێکردن – وەرگرتن – سوودبینین..) لە ئەدەبی کوردیدا، نەتەوەکەمان لەبەر گەلێ هۆ چەند هەنگاوێکی گورج و درێژ لە دوای نەتەوەکانی ترەوەیە زۆر کەڕەت ئاگر بەستی ئەم بەشە هەرەگرنگە دەکرێت، ئەگەر دەنگێ لەلایەکەوە بەرزبێتەوە، بە ئاستەم دەگاتە گوێی خوێنەر و ئەدەب دۆستان، دیارە لەم دۆخەدا جەدەلیەتی نێوان لاسایی و رەسەنایەتی و بەهرەی گەورە و ناگەورە ون دەبێت و مافی لایەنە

ڕەسەنایتیەکە پێشێل دەکرێت و بەهای پێوانە ڕاستەقینەکان نشوستی دێنێت، بە ڕای من هەر نووسەرێ توانای هەبێت باسی تەئسیری شاعیرێ یان چیرۆك نووسێ بکات بۆ سەر یەکێکی کە یان لێوەرگرتن یان دەست بەسەراگرتن و دزی ئەدەبی ئەوە بارێکی ئاسایی و تەنانەت ئازایانەشە و هەرگیز ئەم هەڵوێستە ناچێتە خانەی پاچ کاری و وێران کردنی باڵەخانەی ئەدەبی کوردی، ئەدەبی نەتەوەکەمان دەمێکە لەوە دەرچووە کە هەڵدانەوەی ئەم لاپەڕەیە بیڕووخێنێ یان لاوازی کات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تین و گوڕێکی ئەوتۆی دەداتێ کە خاوەن بەهرە ڕاستەقینەکان لەبەر تیشکی گەشی ئەم بابەتەدا داهێنانی گەش ببنەوە، ئێمەی کورد وەك هەر نەتەوەیەکی تری ئەم سەرزەمینە فراوانە خاوەنی چەندەها شاعیر و ئەدیبی هێژا و ڕەسەنین، دیارە لە هەمان کاتیشدا ئەم ئەدیب و شاعیرانە لە پلەو ئاستی بەرهەمەکانیانا چون یەك نین و هەریەکەیان لەئاستێکا خۆی دەبینێتەوە و لەلایەن خوێنەر و ڕەخنەگرەوە بەجۆرێك بەباڵادەبڕرێت، خۆ هەیشمانە موتەئەسیرە بە بەرهەمی ئەم و ئەوەوە و لەژێر کارتێکردنی خەڵکانی تردا بەرهەمی زەخساندوە، لە ڕوانگەی پرۆگرامێکی ڕەسەن و دوور لە هەواو هەوەسی تاقەکەسەوە، ئەدەبی عەرەبی لەم بوارە گرنگەدا بەتایبەت — ڕەخنە — سەدان و تەنانەت هەزار ساڵ لە پێش ئێمەوەن و ڕەخنەگرانی عەرەبیش

ویراویانە بڵێن فڵانە شاعیر ئەم واتایەی لە فڵانە شاعیر وەرگرتوە یان دزیوە یان گۆڕیوە بە بارێکی باشتر یان داکشاو تردا.. هتد هەرچەندە ئەم ئەرکە مەزنە هەندێ نووسەری تووشی ئازار و ئەشکەنجەی تایفەگەرێتی پواوو تیرەچێتی و تاقم تاقمێنەی پووچ کرد، بەڵام لەئەنجامدا رەوت و گورپوتینێکی بەهێزی دایە بەر رەخنە و شیعری عەرەب، هەربۆنموونە کەمەکێ لەو کتێبە رەخنەییانە دەخەمە پێش چاوی خوێنەری کورد کە سەدان ساڵ بەر لە ئێستا ئازایانە لەم بوارەدا نووسراونەتەوە و دزی و لاوازی کەڵە شاعیری وەك ئەبو تەمام و موتەنەبی و بوحتەریان دەرخستوە، ئەمەش ناوی هەندێکیانە: ١- سرقات - ابی نواس - مهلول بن میمون

٢- الأبانة عن سرقات المتنبي - محمد بن احمد العميدي.

٣- البديع في نقد الشعر - أسامة بن منفذ.

٤- المثل السائر - ابن الأثير.

٥- الكشف عن مساىء المتنبي - الصاحب بن عباد.

٦- العمدة - ابن رشيق القيراوان.

٧ - سرقات البحتري من ابى امام - ابي ضياء بشر بن يحيى.

٨- اخطاء ابى تمام - ابن عمار القرى.

٨٩- الشعر والشعراء - ابن قتيبة الدينورى.

١٠- الموزانة بين الطائيين الامدي.

گەلێ نموونەی تر هەیە و با ئەوەش بەس بێت، طە حسین تیوری دەست هەڵبەست[١٣] (انتحال) ی هێنایە کایەوە و وتی ئەدەبی پێش ئیسلامی عەرەب هەرە زۆربەی دەست هەڵبەست و درۆیە[١٤]، (صفاء خلوصي) سەبارەت بە معروف الرصافی دەڵێت تا ئەم سەردەمی دوابیەش وامان دەزانی کە (رەصافی) شاعیرێکی بەدەسەڵاتە، بەڵام لە دوابیدا بۆمان دەرکەوت کە ئێمە هەڵەین و زۆربەی هۆنراوەکانی لە شاعیرە تورکەکانەوە وەرگرتووە و تەنانەت هەندێکیشیان وەك وەرگێڕانێکی حەرفی وایە، بەتایبەتی سوودی زۆری لە شاعیری تورك توفیق فکرت وەرگرتووە) ئێمەی کوردیش وەك وەفایەك، رێزێکی بێپایانی بەرهەم و هەوڵ و کۆشش و بەهرەی باووباپیرانمان دەگرین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەموویان لە ئاستێکدا دانانێین، گەرەکە هەریەکە و بەپێی ئاستی خۆی لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کورد و رەخنەی کوردیدا بە باڵابڕین و دابنرێن، نەك هەموویان بە سەیرکردنێکی جەڵەبیانە بخرێنە ئاستێکەوە، چونکە لەو سەیرکردنە جەڵەبیەدا مافی ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی ئەدەب دەسووتێ و یەکسانیەکی ناڕەوایانە دێتە گۆڕێ.

لەم بنەوانە مەوزوعیەوە هەوڵم داوە کە هەندێ لەو واتا و بیرۆچکە و وێنە و خەیاڵانەی مەحوی لە نالی وەرگرتوون دەریان خەم، هەرچەندە هەندێ جار وەرگرتن خۆی لەخۆیدا بەڵگەی توانایە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی هونەری قەشەنگ تردا، واتە: بیرۆچکە وەرگیراوەکە شتی نوێی (اضافة)ی بخرێتە سەر و واتای درەوشاوە و نوێتر بهێنرێتە کایەوە، یان بە واتایەکی تر لە هەمان دراو و بار شتی گەورە و جوان و دلۆڤان تر بهێنرێتە کایەوە، چونکە ئەمە بەڵگەی بەرەو پێشەوەبردنی ئەدەبە و خەمڵاندنیەتی، گۆران بەو گەورەییە دان بەوەدا دەنێت کە سوودی لە هۆنراوەی شاعیری ئینگلیز (الی قبره) شیللی بینیوە و ئەوە سەرچاوەی ئیلهامیەتی، یان بە روونی دیارە کە پیرەمێرد لەژێر تەئسیری مەولەویدا گەلێ هۆنراوەی وتووە.

(قەزوینی دەڵێت: ئەگەر لێك چوونەکان گشتی بن وەك باسی ئازایەتی و بەخشندەیی ئەمە بە دزی دانانرێت چونکە واتایانە لە دڵ و مێشکو زەین و داب و نەریتدا جێی خۆیان کردۆتەوە، خۆ ئەگەر واتا وەرگیراوەکە لە یەکەم جوانتربێت ئەوە جێگای ستایشە، ئەگەر لە ئاستی ئەوەیشدا بوو ئەوە جێگای سەرزەنش نیيە، بەڵام داهێنان و ستایش بۆ شاعیری یەکەمە، خۆ ئەگەر لە خوار ئەوەوە بوو دیارە ئەوە لاوازە و

دەشێت سەرزەنشت بکرێت – التلخیص في علــوم البلاغــة – الخطیــب القزوینی ص (٤١٢).

بەهەرحاڵ ئێستا هەندێ لەو واتا و وێنانە دەردەبڕین کە مـەحوی لـە نالی وەرگرتووە:

مەحوی دەڵێت:

(١٥) هەناسەی ئاگرینم بردەوە بەر تا دەروونم سووت
بە ناڵە تا دڵت سەخڵەت نەدەم بڕوانە چۆنم بۆت

هەروەها وتوویەتی:

(١٦) ئاری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن
ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز

ئەوەی کە مەحوی کردوێتی (ئاوی چاوی) کـردوە بـە (ناڵـە) و هیچی کە! هەر لە شوێنێکی تردا مەحوی پاتەوپات ئـەم واتایـەی وەرگرتۆتـەوە لە نالی:

بێمە کوێ؟ دلبەر وتی گەر چارە ملۆفانێکی ئەشک
دڵ تەنووری ئاگری عیشق و خرۆشی ئیشتیاق

هەرچەندە (ابن الفارض) یش ئەم واتایەی هەر دەربڕیوە:

(١٧) لولا دموعي اعرقني زفيري   لولا زفيرى اغرقتني ادمعي
يا محرقا للنار وجه محبة   مهلاً فأن مدامعي تطفيه

أحرق بها جسدي و كل جوانبي  واحرص على قلبي لأنك منه

مەحوی دەڵێت:

[18] بە ئاوی گریە هەردەم ناوی چاوم ششتوە نەك جێت
بە خوێن ئاغوشتە بێ چاوەکەم بڕوانە چۆنم بۆت

نالیش پێش ئەو توویەتی:

[19] تۆ کە حۆریت وەرینۆ جەننەتی دیدەم چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەی سۆزانمدا

بەڵام وێنەکەی مەولەوی لە هەردوکیان قەشەنگ ترە، مەولەوی دەڵێت:

[20] باڵاخانەی چەم دێوانەکەی تۆ
بانەناو وەگڵ ئاسانەکەی تۆ
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تیشدا
ئازیز بۆ جاریێ پا بنیە پێیشدا

مەحوی دەڵێت:

[21] ماهی من ڕۆژی لە روو لادا نیقاب
شەو مەگەر هەڵبێ لە شەرما ئافتاب

مەولەویش وتوویەتی:

[22] خەرامان ئاما نەتۆی پەروەردە

نیقاب صفحەی جەمین کردەوە

مەحوی دەڵێت:

(٢٣) ئەی مەحەببەت ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵ نشین

ئەو کەسەی سووتووتە هەر ئەو هەوڵ ئەدابۆ سوو بە سوون

نالیش پێش ئەو وتویەتی:

(٢٤) وەرە با ئاگرێکی وەصڵی خۆمان

بخەینە قاوی عومری دوشمنی دین

مەحوی دەڵێت:

(٢٥) دڵ بوو بە دوودی مەحض و جگەر بوو بە عەینی ئاو

ئاهم نیە دەواتە سروشکم نیە رەوان

هەروەها لە هەمان واتا مەحوی وتوویەتی:

(٢٦) ئەوی دڵدار و دولبەرمە ئەوا دەڕوا لەبەرچاوم

بەدوویا بۆچی دڵ نەتوێتەوە نەڕوا لەبەرچاوم

نالیش لە نامەکەی مەڕ سالمدا وتوویەتی:

(٢٧) لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ رەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور

ئەوەی سالم لە هەردوکیان جوانترە:

شەتی خوێن دێ بە رووما لەت لەتی جەرگ

دەبێ ڕێگەی پلووسکی دیدەو بەردا

ل ٢٠ سالم

مەحوی دەڵێت:

[٢٨] لەبەر زار و نەزاری بوومە وەك پووش

دە ئەمجا ڕابوێرە من بەزارا

نالیش لە نامەکەی مەڕ سالما دەڵێت:

[٢٩] دارم وەك و هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ

ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوطور

مەحوی دەڵێت:

خەندێکی لە خونچەی دەمی تۆ دی کە لە باغا

هەر لەو دەمەوە لێو و دەمی لەگۆچوون

محوی ل ٢٤٥

نالیش وتویەتی:

بێ قسەی خونچەی دەمت کاتی تەبەسووم ڕووبەڕوو

هەتکی شوعلەی بەرق و نظمی دائرەی پەروین دەکا

ل ١١٢

مەحوی دەڵێت:

[٣٠] وەرە دەستێ بەخوێنم کە نیگارین

خوێنی من حەڵاڵت بێ نیگارا

نالی پێش ئەم وتویەتی:

جەنابی کردوە پەنجەی بەخوێناوی دڵی زارم
ئەمە رەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم

هەروەها لە جێیەکی تردا وتویەتی:

وەرە بنواڕە دوو دەستی حەنایم (٣١)
حەنایی چی هەمووی هەر خوێنە قوربان

لە هەمان واتادا دیسانەوە نالی وتویەتی:

رەنگینە بە خوێناوی دەروونی دڵی نالی (٣٢)
بنواڕە دەڵێ خۆ خەنەیە پەنجەیی ئاڵم

سالمیش ئەم واتایەی هەر لە نالی وەرگرتوە بەڵام لە هەردوکیان بەهێزترە:

وەرە ساپەنجە لە خوێنی دڵی سالم بکە رەنگی
ئەبتە ئەم رەنگە دایم نیە وەك رەنگی حەنا

ل ٢٤

مەحوی دەڵێت:

چڵی مەزاری من چەقیە دامەنی چ سوود (٣٣)
شوومی بەرۆکی بەختمی بەرد کە من نەمام

سالمیش وتوویەتی:

(٣٤) هەتا ئەمرم ئەچێنم تۆوی هەرخارێ لە دڵ شایە و

کە بێی بر سەر مەزارم دامەنت بگرن ئەگەر مردم

مەحوی دەڵێت:

(٣٥) پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش

تازەم دەرختی طولی ئەمەل دەردەکا چرۆ

هەروەها مەحوی دەڵێت:

بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران

کەچی وەك کۆدەك ئێستە دەچمە سەیران

(٣٦) سەردو گرەمی ئاهەکەم سەوزی گیای کردم بە پووش

پایزی روو بوو بە بوردی سوور و زەردی موختەلەط

مەحوی دەڵێت:

جۆبارە لالەزارە هەتا چاوی بڕدەکا

مەحوی بەهەشتی بۆچیە چبکا لە ئاو و باخ

ل٣٧

هەروەها مەحوی دەڵێت:

(٣٧) بە گریانم وەکو گوڵ پێکەنی یار

لە باغی من بە بارش غونچە پشکوت

## گوڵستانێ لە خاکی شۆرەزادا

نالیش وتوویەتی:

خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سروشکم (٣٩)
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بەسەرد

بێسارانیش وتویەتی:

هوونی دڵ نەچەم بەند خرۆش کەردەن
سوەیل چەمەنانان بەی رەنگ پۆش کەردەن

ئاویەر – ژمارە ١٤

مەحوی دەڵێت:

کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ بەری دەکا (٤٠)
هەر چاحیبە لەبەر کەری کالآیی بێ رەواج

نالیش وتوویەتی:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توخمە فرۆشم (٤١)
نۆرم وت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم

مەحوی دەڵێت:

لە بۆ ئیمدادی گریانم دەرووونی کردمە خوێناو (٤٢)
لە چاوم سەیری کەن ئەم حوکمە دڵ و جەرگمی جاری کرد

نالیش وتوویەتی:

(٤٣) لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور

بێسارانیش وتوویەتی:

دەروون راش نەدا نە نێش دەسەڵات
بێیە بە هوونی چەم رێژا کە ق نەپات
بیسارانی ل ١٨٥

مەحوی دەڵێت:

(٤٤) روومەتی ئازاری گەیی من کە روانیمێ وتی
من قسەم گەر دڵ خەراشە تۆ نیگاهت گیان خەراش

مەولەویش دەڵێت:

(٤٥) روخشارێ وەختی مەصقەڵمداوێش
وەشنۆی پارێز خەیاڵ مەبێ رێش

مەحوی دەڵێت:

(٤٦) دڵ فکری کردوە چیە مێرم بوە بە شیر
پیرانی بردەوە کە جوانیمی کەوتەبیر
قامەت نەمام و پشتی وەکوو مێوو رۆنی نەرم
چەرتاوە رەق هەڵاتووە وەك چەرتەمێوی پیر
نالی بە یەك بەیت واتای ئەو دوو بەیتەی، پێش ئەو وتووە:

(٤٧) غوباری ئەو شەو و ڕۆژەن ردێنی ماش و برنج
که تێکەڵن شەبەهی صوبح و شام و شیر و مێر

مەحوی دەڵێت:

(٤٨) له شینی فیرقەتی ئەوا ئەوەندە ئەشکی سوورم رێت
به دەوری جێگەما تا بڕ دەکاتن دیدە گوڵزارە

نالیش تووییەتی:

(٤٩) خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سورشکم
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بەسەرد

مەحوی دەڵێت:

(٥٠) رۆژی دی لەو رۆژەوە گەر رۆژە سەرگەردانە رۆژ
گەییە ئێوارە وەکوو من قورپێوانە رۆژ

نالیش وتوویەتی:

(٥١) له خەوفی طەلعەتی رۆژ هەروەکوو شێت
بە رووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان

هەرچەندە ئەم واتایە لای عەرەبەکانیش دەربڕراوە:

(٥٢) لا تركنَّ الى الفرا    ق وان سكنت الى العناق
فالشمس عند غروبها    تصفر من فرق الفراق

حەزدەکەم هەر لەم بوارەوە ئەوەش بە ئێوەی ئازیز رابگەیەنم کە هەر مەحوی لەژێر کاریگەرێتی نالیدا نەبوە بەتەنیا، بەڵکوو کوردی و سالمیش گەلێ بیرۆکەو وێنەی شیعری و واتایان لە نالیەوە وەرگرتووە و لەژێر کاریگەرێتی ئەودا ئەسپیان تاو داوە، بەتاییەت کوردی کە شەبەنگی نالی لە هۆنراوەکانیا بە زەقی دەدرەوشێتەوە هەرچەندە پرۆگرامی نوسینەکەم بواری ئەوەم ناداتێ کە لەو رووەوە درێژە بە نوسینەکە بدەم، بەڵام هەروەك هەوێن هەندێك نموونەی زەقی سالم دەهێنمەوە:

سالم دەڵێت:

دەستی من تەعویزە بۆ رەدی بەڵا     با حەمایەڵ بێ لە ملتا بێڵە سا

نالیش وتویەتی:

دەستم کە بەسەر وەعدە لەسەر جێگە شکاوە
جەبری نیە ئەم کەسرە تا نەیخەیە ئەستۆ

سالم دەڵێت:

تیری تۆ رەنگە لە سینەم بڕوێ
غەرقی پێکانە لە ریشەی جگەرا

مەحوی دەڵێت:

بەم هەموو تیرەوە دڵ سینەمی دی ئەو شێرە

له رازی هاتێ، وتی: ئەم بێشە نەما نیمە مەلاذ

نالیش وتویەتی:

بێ جوی‌بوونەوەیی زەخم و برین و ئەثەرێ
تیری موژگانی درێژت لە جگەر تێدەپەڕێ

هەر لەم بوارەدا موتەنەبی دەڵێت:

رماني الدهر بالأرزاء حتى
فؤادي في غشاء من نبال
فصرت اذا اصابتني سهام
تكسرت النصال على النصال

هەروەها دەڵێت:

فماتقف النصال على قرار
كأن الريش يطلب النصالا

مەحوی دەڵێت:

به ئاوی تێگەیشتن ئێمە دنیا هەر سەرابێ بوو [٥٣]
هەموو دەشچن بە خنکان و لەو وشکیشەم لەی مەخلوق

ئەسڵی فکرەکە لە نالی وەرگیراوە کە دەڵێت:

بنوارە وشکە صۆفی و رەقصی بەهەلهەلە [٥٤]
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێمەلە

ئەم چەردە نموونانەی کە هێنامنەوە گەلێك کەمترن لەوانەی کە دەست نیشانم کردوون و ئێستا لەلامن، ئامەدی دەڵێت [٥٥](واتا دوو جۆرن – گشتی و تایبەتی – واتا گشتی یەکان لە کۆمەڵدا باون وەك راستیەکی پەی پێ براو لە نەوەیەکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەیەکی تر و بەکارهێنیانیان لەلایەن شاعیرەکانەوە بە دزی ناژمێردرێ بەڵام هەرچی واتاو وێنە داهێنراوەکانە تایبەتن بە خودی شاعیرەوە و نابێ لەلایەن یەکێکی ترەوە دەستی بەسەرا بگیرێ) بۆ زیاتر روونکردنەوەی راکەی ئامەدی دەڵێم:

واتا گشتی یەکان وەك لێکچواندنی باڵا بە چنار و رم و سەروو، برۆ بە کەوان و مانگی یەك شەوە و داس، روو بە گوڵ و رۆژو مانگی چواردە، فرمێسك بە بارانی خوڕ و بەفری تواوە و ... هتد بەڵام واتا تایبەتی و داهێنراوەکان بریتین لەو تابلۆ و وێنە شیعریانەی کە مۆرکی تایبەتی خاوەنەکانیانن و بەناویانەوە ناسراون، دە مەحوی زۆربەی وەرگیراوەکانی شتە تایبەتی یەکانی نالین. ئەناتۆل فرانس دەڵێت:[٥٦] بیرە گوازراوەکان هەرگیز ملکی ئەو کەسانە نین کە بۆ یەکەمجار دۆزیویانەتەوە، بەڵام لە هەموو کەس پتر مافی ئەوەیان هەیە کە لە بیرەوەری خەڵکیا بیچەسپێنن) من لەگەڵ راکەی ئەناتۆل فرانسام تا ئەو سنوورەی کە گەرەکە ئەدەب هەرگیز لە گەشەسەندنا بێت و هەمیشە

شتی نوێ بهێنرێتە کایەوە و شاعیر قایل نەبێت بەو چەردە واتا و ناوەرۆکە تەقلیدیانە، دیارە هەر ئەم خستنە سەرەیشە (اضافة) کە رەورەوەی ئەدەب و هەموو بوارەکانی تری ژیان بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر دەبات.

هەرچەندە هەندێ رەخنەگر گواستنەوە و وەرگرتنی واتای شاعیری تریان بەلاوە ئاساییە، لای ئەوانە گرنگ ئەو تابلۆ و وێنە قەشەنگە تازە و داهێنراوانەیە کە واتاکانیان گرتۆتەخۆیان، واتە لای ئەمانە شێوە و رواڵەت کاری و ستاتیکی فۆرم پێش ناوەرۆك کەوتووە.

خۆشبەختانە مامۆستا مەسعود محەمەد لە وتارێکی رەخنەییدا بەناونیشانی (زرەخەون لە تەمومژ بە دەوری مەحوی تۆقەڵەوە لە کاروانی)[٦٢] پشتی راکان گرتووم و بێئەوەی دانیشتبین و لەم بوارەدا بیروڕامان گۆڕیبێتەوە چووینەتە سەر یەك راستە رێگا کەئەویش قوتابێتی مەحویی لە دانشگای بەرین و میهرەبانی نالی سەرامەد و وەستای بەهرەمەندا، مامۆستا مەسعود دەفەرموێت:[٥٧] (من وەها دەبینم شەبەنگی نالی لە شیعری (مەحوی) دا بزرە و دیاریشە نەك ئەمەو بەس بەڵکوو بزربوونەکەی لەو شوێنانەدا کە پێویست بوو دەرکەوێت بەڵگەی دیاربوونیەتی لە ویژدانی مەحوی) هەروەها مامۆستا مەسعود سەبارەت بە پەیوەندی نێوان چامەی ·ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا) ی

نـالی و چامـەی (بـەحری نـوور) ی مـەحوی دەڵێـت: (لـە نــاوەرۆکی قەصیدەکەی هەردوانیش بەراوردێك بکرێت گەلێك شوێن پەنجـەی نـالی لـە مەحویدا دەدۆزرێتەوە بە نموونە مەحوی دەڵێت:

چ مەدحێکت بکەم لائیق بە تۆ (یا خیر خلق الله)
منی بێ خێری نالائیق کە جبریلت ثـەنا خوانە

نالیش دەڵێت:

مرادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە
بە چەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ثـەناخوانە

یان مەحوی دەڵێت:

ڕەحە بەو شێتیە ئەلحەق قصێکی عاقڵانەی وت
منم عاقڵ لە بەرگی عاریە خۆمم کە عاری کرد

نالی دەڵێت:

من لە بێ بەرگی ئەحەم پرسی کە بۆ چ ڕووتی گوتی
یارەبی شێت بم ئەگەر شێت بم بە بەرگی عاریە

مەحوی دەڵێت:

ئەم فیزاعەت بەدوە و حەقتە کە ناپرسی چیە
تۆیە یەکێ دائیم هەزارێکی وەکوو من دوو بە دوو بەدووت

نالیش وتوویەتی:

رووحنی تۆ گوڵێکە صەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئصولی نال نالی

مامۆستا مەسعود دەڵێت: [٥٨] (ئەو نموونانەی بیستبومن و خوێندبومنەوە بۆ هەڵوەست کردن شەبەنگی مەحوی یان لە هەستمدا بەرەو پایە هەرە بڵندەکان دەبرد مەهارەتێکی لەو نموونانەدا رەنگی دەدایەوە دەت گوت لە گۆمی نالی بلّق دەدا) یان دەڵێت (لە دیوانی مەحوی بگەڕێت نموونەی دیکە زۆر دەبینیت لە حازری و بزری نالی هەموویشی هەر بە گیانی تەحەددیە وەهاتوون) بەڵام سەیر ئەوەیە (مەحوی) نەبە دوور نە بە نزیک نەبە هێما ناوی نالی نەهێناوە بەپێچەوانەی سالم و حەمدی وەك وتمان، یان حاجی قادری کۆیی کە دەڵێت:

[٥٩] بۆ (تضمین) بەیتەکی نالی دەهێنم تا رەفیقانم
بزانن من بە ئەو ناگەم خەزەف قەدوەك گوهر نابێ

لەلایەکی ترەوە مەحوی گەلێك جار پەنای بردۆتە بەر تکرار واتە گەلێ جار یەك وێنە و واتای شیعری لە دیوانەکەیدا دووپات و سێپات و چوارپات کردۆتەوە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە گەلێ هۆی هونەریەوە هەیە و لە دوای هێنانەوەی نموونەکانیش لەپ دەخەمە سەر هۆکانی.

مەحوی دەڵێت:

(٦٠) دڵ بوو بە دوودی مەحض و جگەر بوو بە عەینی ئاو

ئاهم نیە دەواتە سروشکم نیە رەوان

هەر لە هەمان واتاشدا دەڵێت:

(٦١) ئەوی دڵدار و دولبەرمە ئەوا دەڕوا لەبەرچاوم

بە دوویا بۆچشی دڵ نەتوێتەوە نەڕوا لەبەرچاوم

جارێکی تر خۆی دەڵێتەوە:

(٦٢) لە بۆ ئیمدادی گریانم دەروونی کردمە خوێناو

لە چاوم سەیری کەن ئەم حوکمە دڵ و جەرگمی جاری کرد

مەحوی دەفەرموێت:

(٦٣) بەهاری عومر ئەوا گەییە حوزەیران

کەچی وەك کودەك ئیستە دەچمە سەیران

جارێکی تر هەمان واتا دەڵێتەوە:

(٦٤) لە پێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دشنێ وەکو منداڵ

لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێ و تازە پێ دەگرم

مەحوی دەڵێت:

(٦٥) بە گریانم وەکو گوڵ پێکەنی یار

لە باغی من بە بارش غونچە پشکوت

هەمان واتا دەڵێتەوە:

(٦٦) لە شینی فیرقەتی ئەودا ئەوەندە ئەشکی سوورم ڕێت
بە دەوری جێگەما تا بڕدەکاتن دیدە گوڵزارە

مەحوی دەڵێت:

(٦٧) پشتی کە دا بە پشتتەوە بۆ پشت شکاندنە
ئەمڕۆ خودا شوکورتە سبەینێ براڵەڕۆ

هەر لە هەمان واتادا دەڵێت:

(٦٨) فەلەك هەر گا کەسێکی هەڵبڕی وەقتی هیلاکەتیە
کەسەر بۆ گەیینە پەت بێ پێ لەکورسی و ئەسکەمل چبکا

هەمان واتا دەجوێتەوە و دەڵێت:

(٦٩) زەمانە بەعضە کەسانی لەپڕ کە هەڵدەبڕێ
ئەوەندەی هەڵدەبڕێنن هەتا لەکەل دەبڕێ
بەیەك دو کلکە بەرەو ژووری بردەوە دنیا
بە تاقە نووکە شەقێکی فڕێدەدا لەپڕێ

هەرچەندە ئەم واتایە سەعدی و موتەنەبیش هـەر وتوویانـە، سـەعدی دەڵێت:

مکن تیکە بە رملك دنیا و پشت
زیبار کەس چون ز پەروەردەکوش

موتەنەبیش دەڵێت:

ابداً تسترد ما تهب الدنيا

فيا ليت جودها كان بخلا

مەحوی دەڵێت:

(٧٢) رەقیبی سەگ حەزی بوو کەشتمت سەیری کەچۆنی بۆم

دوعا بۆ دەست و تیغت من دەکەم بڕوانە چۆنم بۆت

هەر لە هەمان واتا دەڵێت:

(٧٣) بە تیری کوشتمی هەڵیاوەسیم سووتاندمی ڕۆیی

دوعا بو حفیظی کەن، کێ دیویە جانانە وا گوستاخ

هەر لە هەمان واتادا دەڵێت:

(٧٤) شەرطی کرد ئیتر ەل کوشتن بەس بکا یارەب بکەی

ئەو وەفا بەم شەرطە کا، ئەمما لە قەتڵی من بە پاش

مەحوی دەڵێت:

(٧٥) کە ئەو لێو و ددانەم دیی بە جارێ

لەبەرچاوم هەم و لەعل و گوهر کەوت

لە هەمان واتا دەڵێت:

(٧٦) کە باسی لێو و ددانی بکەن بەدەردەکەوێ

نیشاری لەعل و گوهر کردنی دەمی لافیظ

لە هەمان واتا دەڵێت:

(٧٧) کەی بە لەعل و گەوهەر ئەو لێو و ددانی دانیشان
ئەو ڕەهەندەی شاخە ئەم خۆشارەوەی ژووری سەدەف

ئێستا گەلی نموونەی ترم لەلایە و نامەوێ پتر لەسەری بڕۆم بەڵام بە ڕای من ئەم سووڕانەوەیە بە دەوری یەک واتا و تابلۆدا لەم هۆیانەدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەمین:

لەیادکردن و لەبیرچوونەوە، واتە شاعیر لەوە دەچێت قۆناخەکانی جیهانی داهێنانی کەم تا بێشێ لەیەک دابڕابن و یەک ئەوی تری فەرامۆش کردبێت ڕەخنەگری ناسراو (درایدن) دەڵێت: (٧٨) (گشت تابلۆ و وێنە سروشتییەکان هەمیشە لە زەین و مێشکیا ئامادەبوون) واتە شاعیر گەرەکە هەردەم بیرتیژ و فەرامۆش کەر نەبێت و خۆی بپارێزێت لە دووبارە و سێ بارەکردنەوە.

دووەمین:

بە گرینگ زانینی ئەو وێنە و تابلۆیانە و پێ لەسەر داگرتنیان و دووبارەکردنەوەیان، دیارە ئەم بارە ئاساییە، بەڵام سەیر ئەوەیە زۆربەی ئەو واتا دووبارەو سێبارەکراوانە وەک لە سەرەتادا روونم کردەوە لە نالیەوە وەرگیراون!!

سێهەمین:

خامۆش بوونەوەی شاعیر لە هەڵچوونی داهێنان و سووڕانەوەی بە دەوری واتایەکی جوان و قەشەنگ دا، مامۆستا مەسعود موحەمەد لەم رایەمدا بەدڵ گەرمیەوە پشتم دەگرێت و دەفەرموێت:

(لە لایەکی دیکەشەوە بەپێی تێگەیشتنی من لە هێمای رووداوێکی رەنگی دابێتەوە لە دیوانی مەحوی بەو جۆرەی تێم بگەیێنێ کە دەخلی تایبەتی هەبوبێت لە ئەدەبی مەحوی وە یا رووکاری بەرەولایەنێکی نوێدا سوڕاندبێت هیچی ئەوتۆ نابینم لەچاو تەقالیدی شاعیرە کۆنەکانمان زەق خۆ بنوێنێت، لە نموونەدا دەڵێم سەیرێکی قصیدەی لاپەڕە (١٢١-١٢٢-١٢٣-١٢٤) لە دیوانەکەی مەحوی بکەلە تێشکانەکەی رووسان بەرامبەر ژاپۆنیای ساڵی ١٩٠٥ هۆنراوەتەوە و بە هەمووی یەك ساڵ ماوە ژیانی مەحوی لە ١٩٠٦ کۆتایی بێت، دەبینیت چ فەرقێك نییە لەنێوان ئەو قەصیدەیە و هەرچی پێش خۆی وتراوە لەلایەن دارشتن و فەرهەنگۆك و باوەڕ و تصور و هەرچی شتێکی کە رێی تێدەچێت بێتە ناو شیعری شاعیر وە یا رەنگێکی جوداکەرەوەی تێهەڵسوێت باوەڕناکەم لەو تاکە ساڵەشدا کە تەمەنی مەحوی بەلای کەمەوە (٧٣) ساڵ بووە مەودا هەبێ بۆ گۆڕانێك و روو سووڕانێك کاربکاتە سەر خۆی یا ئەدەبی) واتە سیمای تاکمەندێتی لە هۆنراوەکانیا[٧٩]

بەدەرناکەوێ و درێژەپێدەر و تەواوکەری قوتابخانەکەی نالی و کوردی و سالم ی ساحێبقرانە.

پوختەی لێکۆڵینەوەکە و را تایبەتی و نوێکانم لەم چەند خاڵەدا خۆی دەنوێنی:

١) شاعیریتی نالی وەك بەهرە خۆرسکەکە گەلێك درەوشاوە و هەڵچووترە لە شعیریتی مەحوی، نەك بەتەنیا لە بواری تاودانی ئەسپی هۆنراوە لە سەرجەم بابەت و مەبەستە جیاجیاکاندا، بەڵکوو دانەمان و پیش نەخواردنەوەش بەدەست بیرۆکە شیعری‌یەکانەوە، ئەگەر (نالی و سالم و کوردی) لە جوغزێکی دیاردا خرابنە خانەیەکەوە، ئەوا بە رای من جوغزی دووەم کە درێژەپێدانی یەکەمە بریتی دەبێت لە (مەحوی – شێخ رەزا – حەمدی – حاجی قادری کۆیی – ناری – تایەر بەگ) دیارە مەحوی لەم جوغزی دووەمدا وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدارتر دەدرەوشێتەوە.

٢) خۆجوینەوە و دووبارە و سێ بارەکردنەوەی یەك واتا و هەرجارەشی بەشێوە دارشتنێك، سەیر ئەوەیە ئەو واتایانەش هەر لە نالیەوە وەرگیراون، ئەوە بوو هۆکانم روون کردەوە.

٣) بەكارهێنانی هونەری وشەئارایی، واتە (بدیع)، جۆرێكە لە سنعەت كاری لە شیعرا و بمانەوێ و نەمانەوێ، كەم تا زۆر شاعیر تووشی ئەزیەت خواردن و زۆر لەخۆكردن دەكات، هەربۆنموونە رەخنەگرە عەرەبەكان زۆرجار سەروودڵی وئەبوتەمام و ئیبن الموعتەز و بوحتەریان گرتوە لەسەر ئەم مەبەستە، بەڵام لای نالی لەگەڵ بەكارهێنانی ئەو هەموو بەدیعەدا هەرگیز هەست بە خۆسەخڵەت كردن و پیش خواردنەوە ناكرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لای مەحوی بەبێ بەكارهێنانی بەدیعیش هەست بە خۆئەزێت دان و تەكەلوف دەكرێت و شاعیر پەنا دەباتە بەر سەبكی هیندی، كە مامۆستا مەسعوود موحەمەد پێی دەڵێت: (سەبكی مەحوی).

٤) بە پای پیلان سوودبینین و وەرگرتن لە لێكچوانن و خوازە و (التشبیة والاستعارة) واتا نەوازە و داهێنراو تایبەتێكانی نالی و دەست بەسەراگرتنیان بێ هێماكردن بۆ سەرچاوە.

٥) ئەو لادانانەی كە مەحوی لە ئەنجامی مۆرسی كێش و سەروادا وەك هەر شاعیرێكی كلاسیكی كوردی تووشی هاتوە، یان زمانەوانی یان رێزمانی‌یە، با ئەوشە نەبوێرم كە نالی و سالمیش كەم تا بێشێ هەڵەی زمانەوانیان هەر هەیە، دیارە هۆكارەكان هەندێكی دەگەرێتەوە بۆ قورسی كێشەكان كە هەندێكیان كێشی عەرەبین و لەگەڵ زمانی

هۆنراوەی کوردیدا بەئەزیەت دەساچێن و لەنگەر دەگرن، هەندێکی تریان دەگەڕێتەوە بۆ یەك قافیەیی چامە و هەندێکی تریش بۆ ئاستی بەهرەی شاعیریەت و دەسەڵات بەسەر فەزای چامەدا، لە زمانی عەرەبیدا بەپێی دەستووری (ئەوەی بۆ شاعیر دەست دەدات بۆ خەڵکی تر دەست نادات) هەندێك بوار و فرسەتی لەبەردەم شاعیردا کراوەتەوە و کەم تا زۆر شاعیری عەرەب سوودی لێ‌ببینیون، بەڵام زۆربەیان بواری زمان و (صرف) ن و بەدەگمەن بواری هەڵەی ڕێزمانی تێکەوتووە، دیارە لای مەحوی وەك پیشانم دان لادانەکان ڕێزمانین، ئەوەی شیاوی وتنە تا ئێستا لای ئێمەی کورد هیچ جۆرە داب و نەریت و یاسایەك بۆ ئەم بابەتە دانەنراوە و خۆزگە زاناو توێژەرەوە کوردەکان لەم بوارەدا هەنگاویان هەڵدەهێنا و ئەم کەلەبەرە تیوریەیان پڕدەکردەوە.

٦) ڕەخنەی داهێنەرانە گەرەکە مامەڵەی هۆش و بیرکردنەوە و لۆژیك بێت لەگەڵ دەق و ناوەندە داهێنانەکەدا و هەردەم دووربێت لە سۆز و عاتیفە و هەواو هەوەسی تاکەکەس، نەك هەر ئەمەش بەتەنیا، بەڵکو نابێت لایەنە سەلبی‌یەکانی شاعیرێ ببێتە هۆی ون کردن و بەگۆماکردنی لایەنە باش و درەوشاوەکانی. هەربۆیە مەحوی لە وژیدانی ئەدەبی و نرخ شناسیدا ئەستێرەیەکی پرشنگدارە و بە ئاسمانی ئەدەبی کوردیەوە دەجریوێنێ و هۆنراوەی ئەوتۆی هەن بەتایبەتی چامەکانی

لاپــــــەڕە (٥٦ ، ٧١ ، ٢١٧ ، ٢٢٨ ، ٢٣٠ ، ٢٣٢ ، ٢٥٦ ، ٢٦٠ ، ٢٦٢ ، ٢٧٠ ، ٢٨٠ ، ٢٩١ ، ٢٩٧) دەیخەنــە پـاڵ بەرهەمــە شـیعریە نــەوازە و دەگمەنەکانی کورد.

سەرچاوەکان:


١) مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلادین سەجادی.

٢) کـاروانی ژمـارە (٦٢) زڕەخـەون لـە تـەمومژ بـەدوری (محـوی) تۆقەڵەوە ل (٣٣-٤٥).

٣) دیوانی مەحوی.

٤) دیوانی مەحوی.

٥) دیوانی مەحوی.

٦) دیوانی مەحوی.

٧) دیوانی مەحوی.

٨) دیوانی مەحوی.

٩) دیوانی مەحوی.

١٠) دیوانی مەحوی.

١١) دیوانی سالم ل ٣٥.

١٢) دیوانی مەحوی.

١٣) بروانه حديث الأربعاء – طه حسين.

١٤) دراسات في الأدب المقارن والمذاهب الادبية · مطبعة الرابعة – بغداد – ١٩٥٨ ص ١٧٠.

١٥) ديوانى مەحوى ل (٧٧).

١٦) ديوانى نالى.

١٧) ديوان ابن الفارض.

١٨) ديوانى مەحوى ل (٧٧).

١٩) ديوانى نالى ل (٩١).

٢٠) ديوانى مەولەوى ل (٥٣٩).

٢١) ديوانى مەحوى ل (٤٥).

٢٢) ديوانى مەولەوى ل (١٩٨).

٢٣) ديوانى مەحوى ل (٧٩).

٢٤) ديوانى نالى ل (٣٥١).

٢٥) ديوانى مەحوى ل (٤٠٧).

٢٦) ديوانى مەحوى ل (٢٢٢).

٢٧) ديوانى نالى.

٢٨) ديوانى مەحوى ل (٩).

٢٩) ديوانى نالى

٣٠) دیوانی مەحوی ل (٩).
٣١) دیوانی نالی ل (٣٥١).
٣٢) دیوانی نالی ل (٢٨٨).
٣٣) دیوانی مەحوی ل (٢١٤).
٣٤) دیوانی سالم.
٣٥) دیوانی مەحوی (٢٥٤).
٣٦) دیوانی نالی ل (٢٤٤).
٣٧) دیوانی مەحوی ل (٨٠).
٣٨) دیوانی نالی.
٣٩) دیوانی نالی
٤٠) دیوانی مەحوی ل (٩٣).
٤١) دیوانی نالی ل (٢٨٠).
٤٢) دیوانی مەحوی ل (١٩٧).
٤٣) دیوانی مەحوی ل (١٥٠).
٤٤) دیوانی مەولەوی ل ٥١٥.
٤٥) دیوانی مەحوی ل (٣٩٩).
٤٦) دیوانی نالی ل (٢٠٨).
٤٧) دیوانی مەحوی ل (٤٦٢).

٤٨) ديوانی نالی ل (١٠٩).
٤٩) ديوانی مەحوی ل (١٣٧).
٥٠) ديوانی نالی ل (٢٣١).
٥١) الشعر الصوفي حتى افول مدرسة بغداد و ظهور الغزالي – دار الرشيد للنشر ١٩٧٩ – عدنان الراوي.
٥٢) ديوانی مەحوی ل (٨١).
٥٣) ديوانی نالی ل ٤٦٦.
٥٤) الموازنة بين ابي تمام والبحتري (الطائيين) – الامدی ص (٢٢١-٢٢٢-٢٢٣).
٥٥) بلاغة ارسطو بين العرب واليونان ص (٢٤٦-٢٤٧).
٥٦) كاروان ژمارە (٦٢) مەسعود محەمەد.
٥٧) هەمان سەرچاوە.
٥٨) ديوانی حاجی قادری كۆیی.
٥٩) ديوانی مەحوی ل (٤٠٧).
٦٠) ديوانی مەحوی ل (٢٢٢).
٦١) ديوانی مەحوی ل (١٠٩).
٦٢) ديوانی مەحوی ل (٢٤٠).
٦٣) ديوانی مەحوی ل (٢٢١).

٦٤) ديوانى مەحوى ل (٨٠).
٦٥) ديوانى مەحوى ل (٤٦٢).
٦٦) و =
٦٧) و =
٦٨) ديوانى مەحوى ل (١٤).
٦٩) ديوانى مەحوى.
٧٠) غزليات سعدي ١٧٥.
٧١) بين المتنبي و سعدى – حسين على محفوظ ص (٢٤٧).
٧٢) ديوانى مەحوى.
٧٣) ديوانى مەحوى.
٧٤) ديوانى مەحوى.
٧٥) ديوانى مەحوى.
٧٦) ديوانى مەحوى.
٧٧) ديوانى مەحوى.
٧٨) مبادىء النقد الأدبي – أ – أتشارد – ترجمة و تقديم الدكتور مصطفى بدوي ص (٢٣٩).

گۆڤارى كاروان ژماره (٦٢) مسعود محەمەد

ژمارەی سپاردنی (١٩٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە